https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

# "توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان"[1]

پ.ی. د. صالح عمر عیسی
زانکۆی سەلاحەدین-زانستە سیاسییەکان
salihomariss@yahoo.com

م. بارزان جوهر صادق
زانکۆی سەلاحەدین-زانستە سیاسییەکان
Barzan.sadq@su.edu.krd

**پوختە:**

متمانەی سیاسی بەدرێژایی مێژوو کاریگەری لەسەر حکومەتەکان نواندووە و کاروباری دەوڵەتداری، لەسەر ئەو بنەمایەی سیستمی سیاسی پرۆسەیەکی هەماهەنگییە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات و بە بەرزبوونەوەی متمانەی سیاسی حکومەت بەهێز دەبێت و بە لاوازبوونی متمانە کێشە بۆ سیستمەکە دروست دەبێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەی دووبەشی تیۆری و مەیدانیدا لە هۆکارەکانی پشت لاوازبوونی متمانەی سیاسی بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بکۆڵرێتەوە و دەرکەوتووە کە ئەدای خراپی بەرپرسان، دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان لەکاروباری فەرمی و لاوازی و ساوایی دامەزراوەکان لە گرنگترین فاکتەرەکانی پشت دابەزینی بەردەوامی متمانەی سیاسین بە حکومەت. ئەمەشی وەک هەڕشە سەیرکردووە بۆ سەر سیستمی سیاسی و پێشنیاردەکات حکومەت بە پلانێکی تۆکمە کاربکات بۆ دووبارە بونیادنانەوەی متمانەی سیاسی.

**وشە کلیلییەکان:** متمانەی سیاسی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەدای دامەزراوەکان.

## متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

## "توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان"

### پێشەکی

حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی تێپەڕاند و بەپێی بیروڕای شارەزایانی بواری متمانەی سیاسی دەکرێت لەدوای ئەم ماوەیەوە پێوانەی متمانەی سیاسی بۆ هەریەک لەیەکەکانی سیستمی سیاسی بکرێت. ڕووداوی سیاسی و گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە، لەو ماوەی فەرمانڕەوایەدا و کاریگەرییان لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسیی خەڵک بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی دوو بەشدا ڕاستەوخۆ هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکەی خستۆتەڕوو. لە بەشی یەکەمدا باسی هەردوو چەمکی سەرەکی توێژینەوەکەی کردووە و لە بەشی دووەمدا دوای ئەوەی میتۆد و ڕێکارە مەیدانییەکانی نیشانداوە، شیکاری بۆ ئەنجامە مەیدانییەکان کردووە و دواتر تێکەڵی چاوپێکەوتنی دەستەبژێری کردوون و لەکۆتاییشدا دەرئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردەکان خراوەنەتەڕوو. توێژەر لەسەرەتاوە چەند پرسیارێکی لەلا گەڵاڵە بوون و دواتر لە ئەنجامی خوێندنەوەی کێشەکە گریمانەی داڕشت و لە ڕێگەی میتۆدی زانستییەوە هەوڵی سەلماندنی گریمانەکانیدا بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم/ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

ئایا ئەدای خراپی دەستگاکان و بەرپرسانی حکومەت کاریگەریی هەبووە لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی هاوڵاتییان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ متمانەی هاوڵاتییان بە دەستگاکانی حکومەتی

هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکە؟ ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و ئابووری تاکەکان بۆ متمانەکردن بە حکومەت؟

## دووەم/ گریمانەکانی توێژینەوەکە

ئەدای خراپی دەستگاکانی خزمەتگوزاری و گەندەڵی و بە دامەزراوەیی نەبوونی هێزە چەکدارە فەرمییەکان وایکردووە کە خەڵک متمانەی کەمی هەبێت بەدەستگاکان و بەرپرسانی حکومی لە هەرێمی کوردستان لەنێو هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

## سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

توێژەر دەیەوێت وێنەیەکی ڕاستەقینەی متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشان بدات و ڕێژەی متمانەی سیاسی دیاری بکات بەشێوەیەکی زانستییانە. ئامانجیەتی گرفتەکانی بێمتمانەیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بزانێت و دواتر پێشنیاری دووبارە بونیادنانەوەی متمانە بکات.

## بەشی یەکەم/ ناساندنی چەمکە سەرەکییەکان

## باسی یەکەم/ متمانەی سیاسی

## یەکەم/ زاراوە و چەمکی متمانەی سیاسی

بەشێک لەتوێژەران پێیان وایە کە لە زاراوەی عەرەبی "مطمئنە" وەرگیراوە کە هاوواتای ئیتمینان، بڕوا و باوەڕە (نانەوازادە، ٢٠١٨). ڕایەکەی تر لای وابوو کە جگە لەوەی لە عەرەبی ئەمە بەواتای ئاسودەبوون و دڵنیایی"مطمئن" دێت، بەڵام ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فارسی کە بە"مطمئنا"و "موتمەئیننەن" بەکارهاتووە (عەلی، ٢٠١٨). فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ڕای دووەم پشت ڕاست دەکاتەوە و

دەیگەڕێنێتەوە سەر فارسییەکە "متمانە: بڕوایی، خاتر جەمی (من متمانەت پێ دەکەم)، اطمینان" (هەژار، ١٩٥٠، ل٨٠٠). هەردوو ڕای سەرەوە لەیەکتر نزیکن. بەگوێرەی ئەم ڕایانە بێت کورد زاراوەی "متمانە"ی لە "متمەئینەن" و "مطمئن"ـەوە وەرگرتووە و وردەوردە زاراوەکە لەسەر زاران گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەتاوەکو بۆتە "متمانە". بەهەمان شێوە لەناو کورددا ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ دڵنیابوون، بڕوا و باوەڕبوون بەکەسێک یان لایەنێک.

لە ڕووی زاراوەوە، چەندین زاراوەی تری نزیک لە متمانە بەکاردێت، چونکە بە بڕوای کینز نیوتن (Kenneth Newton) متمانە چەمکێکی گشتگیر نییە و چەندین زاراوەی هاوشێوەی هەیە وەکو (هاوکاری Mutuality، هاوسۆزی Empathy، چاکەی بەرانبەر Reciprocity، ڕێز Respect، هەستی برایانە Fraternity و...هتد)(Newton, 2001a, P.3).

لەلایەکی ترەوە، چەندین زاراوەی تری ئینگلیزی نزیک یان هاوشێوەی متمانە هەن وەکو باوەڕ (Faith) یان بڕوابوون (Belief). چەمکێکی تر هەیە کە زۆر جار لەجیاتی متمانە بەکاردێت و زۆر تێکەڵیەتی ئەویش لە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت (Confidence). بۆ نموونە نیوتن، کە خۆی یەکێکە لە توێژەرەکانی ئەم بوارە خۆی لە توێژینەوەیەکدا بە (Confidence) و لەیەکێکی تر بە (Trust) بۆ یەک مانا بەکاری هێناوە ( Newton 2001a and Newton & Norris 1999). کەچی هەردوو وشەکە لە زمانی عەرەبی بە مانای (الثقة) دێت، بەڵام لە زمانی کوردی جیاوازە بۆ یەکەمیان (ئەسپاردە) و بۆ دووەمیان (متمانە) بەکاردێت.

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی متمانە و متمانەی سیاسی کراون لەلایەن توێژەران، فەیلەسوفان و دامەزراوەکانەوە کە ئێمە لەخوارەوە ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین.

متمانەی سیاسی پێناسە دەکرێت بەهەموو ئەو هەڵوێستە ئەرێنی و نەرێنییانەی بەرامبەر حکومەت وەردەگیرێت. یان هەڵوێستێکە بونیاد دەنرێت لەسەر بنەمای ئەو پێشبینییانەی بەرانبەر کردارەکانی حکومەت هەیە (See Mangum, 2012, P. 3, Offe, 1999, P.47). چاوەڕوانییەکە کە سیستمی سیاسی بەرهەمی دێنێت بەهۆی دەرهاویشتەکانی تەنانەت ئەگەر ناڕەواش بن (Gamson, 1968, P. 5). کەواتە متمانەی سیاسی هەڵسەنگاندن (تقیم)ێکە لەباوەڕی خەڵک بۆ چۆنیەتی ئیشکردنی حکومەت یان ئەو نمرەیەیە کە لە چاوەڕوانی خەڵک دەردەچێت لەبەرانبەر ئەو دەرهاویشتانەی حکومەت و بەشێوەیەکی ماتماتیکییانە ڕێژەی چاوەڕوانی لە ئەدای حکومەت دەگرێتەوە بەهۆی ئەزموونیەوە (Hetherington, 2001, P. 3, Hetherington and Rudolph, 2008, P. 499, Hetherington and Globetti, 2002, P. 254). بەمانایەکی تر، متمانەی سیاسی، حوکمدانی هاوڵاتییانە بەرانبەر بە سیستمی سیاسی بەو پێیەی کە سیستەم ئامرازێکی وەڵامدەرەوەیە و بەبەردەوامی کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی هاوڵاتییان. واتە متمانەی سیاسی هەستی گشتیی خەڵکە بەرانبەر بە سیاسەتی وڵات (See Blind, 2006, P. 4).

هاردن متمانە بە بەرژەوەندییەکی لەقاڵبدراو پێناسە دەکات (Encapsulated Interest) (Hardin, 1999, P. 26). بەلای توێژەرانەوە متمانەی سیاسی گوزارشتە لە دەربڕینێکی زارەکی و نازارەکی وەکو وتار یان ئاماژەی جەستەیی (Mizrachi, Anspach, and Drori, 2007, P. 146)، کارەکتەرێکی تایبەتمەند نییە، بەڵکو وەڵامێکە بۆ بارێک، مەعریفەیەک یان ئەزموونێک ( Secor and

و فێربوونێکی ڕەفتارییە لەکاردانەوەیەکی (O'Loughlin, 2005, P. 69 دەرەکی یان حوکمدان لەسەر بارودۆخێک دێتەکایەوە ( Hutchison, 2011. P. 440, See Levi and Stoker, 2000, P. 476).

هیسرینگتن (Hetherington) دەڵێ "متمانەی سیاسی بریتییە لە متمانەی تاکە کەسی بۆ دامەزراوە حکومییەکان لەسەر بنەمای چاوەڕوانی لە ئەدای دامەزراوەکان" (Hutchison, 2011. P. 439) و بڕیارێکی چارەنوسساز و یەکلاکەرەوەیە لەبەرانبەر بڕیارێکی سیاسی کرداری، ملکەچ بوون بۆ ڕێکارەکانی حکومەت و بەشداربوون لە کردارێکی ئەخلاقی مەدەنییانەدا (Mclaren, 2010, P. 200).

کینز نیوتن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە متمانەی سیاسی لە ئەنجامی ئەزموون و هەست کردنی خەڵک بە ئەدای سیستمە سیاسییەکانیان و سیاسەتمەدارەکانیان گەڵاڵە دەبێت ,Newton, 2001b (P. 211). ئەم توێژەرە پێی وایە کە تیورستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەر لە تۆماس هۆبزەوە بگرە تا ڕۆبێرت بوتنام باوەڕیان وابووە کە متمانەی سیاسی ڕەگەزێکی سەرەکی و هەستیاری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و ئاستی متمانەی سیاسی هەمیشە ئاماژەیەک بووە بۆ ڕازیبوون یان ڕازینەبوون بە جۆری سیاسەتکردنەکە و بۆتە گرفت بۆ فەرمانڕەوایەتی (Newton, 2001a. P. 4).

بەگشتی دەتوانین بڵێین متمانەی سیاسی گەڵاڵەیەکە لە ڕێژەی باوەڕی تاکەکان بۆ ئەدا و پێشینەی کەسایەتی و دامەزراوەی سیاسی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بەپێوەری هێنانەدی بەڵێنەکان، دادپەروەری، پابەندبوون بە بنەما ڕەوشتی، کولتوری، ئاینی و یاساییەکان.

## دووەم/ ڕەگەزەکانی متمانەی سیاسی

چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لە چوارچێوەی متمانەی سیاسیدا ڕۆڵیان هەیە. ڕەگەزی یەکەمی متمانەی سیاسی ئەوەیە کە دەبێت بەلایەنی کەم دوو ئەکتەری ستراتیژی لە پەیوەندیەکە هەبن، ئینجا چالاکی یەکێکی ترە لە ڕەگەزەکان (See Arancibia, 2008, P.7)، کە مەبەست ئەدای مرۆڤەکانە. واتە جگە لەوەی دوو لایەن یان زیاتر بەرانبەر یەکترن، بونیادی متمانەکە پەیوەندی بەجموجۆڵ و ئەدای لایەنەکانەوە هەیە، چونکە خودی متمانەکە لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی لەنێوان بکەر واتە کەسی دەربڕی متمانەکە و کردار واتە کەس یان ئەو شتەی کە متمانەکەی ئاراستە دەکرێت دەردەکەوێت. واتە متمانەی سیاسی دەرهاویشتەی ئەو هەڵوێستە تایبەتەیە، کە بکەرەکە لەسەر بنەمای چالاکی و کرداری لایەنی بەرانبەر(لایەنی بەرپرس) لەکارێک دەیخاتەڕوو (Meer, 2017, P. 128).

ڕەگەزێکی تری متمانەی سیاسی، باوەڕە. واتە کاتێک کەسێک متمانە دەکات بەلایەنێک، ئەم متمانەیە بەردەوام دەبێت بۆ کارەکانی داهاتووش. ئەمەش پشت بە زانیاریی ئەدا و کارەکانی بەرانبەر دەبەستێت. ئەمە هەندێکجار پێچەوانەش دەبێتەوە، بۆ نموونە کە کەسەکە متمانەی نەما، ئیدی هەر کارێک لایەنەکە بیکات جێگەی متمانەی بەرانبەری نابێت ( See Arancibia, 2008, Pp.8-9). بە بڕوای هیسرگتن ڕوانگەی خەڵک بەستراوەتەوە بە دەرهاویشتەکانی حکومەت و کاردانەوەی بەرانبەر بە جێبەجێکردنی چاوەڕوانییەکانی خەڵک، هەر کات سیاسەتێکی سەرکەوتووی هەبوو بۆ ڕازیکردنی خەڵک ئەوکات متمانەی سیاسی بەرزدەبێتەوە (Hetherington, 1998, Pp. 793-794). کەواتە دوو ڕەگەزی تری متمانەی سیاسی بریتین لە ڕازیکردنی خەڵک و ڕەوشت (See Teitt, 2002, P. 6). ئەگەر تۆ پێشتر ئەو بەڵێنانەی کە بە منت دابوو، بەجێتبهێنایە، ئەوا ڕاستەوخۆ منیش لە ئێستا و داهاتوودا متمانەم

پێـدەکردی و بەپێچەوانەشـەوە ڕاسـتە. کەواتـە ئـەوە بنـەمای ڕەوشـتی متمانەیە (See Uslaner, 2002, P. 3)

دەتوانین بەشێوەیەکی تریش ڕەگەزەکان دابەش بکەین بۆ ئەوەی متمانـە بکـەین یـان نـا. یەکـەم بابـەتی متمانـە پەیوەندیـدارە بـە بابـەتی بەرژەوەندییەوە. دووەم ئەوانەی کە گرنگی بە بەرژەوەندییەکان دەدەن. سـێیەم لەوانەیـە لێپێچینـەوە بکـەن لەسـەر بڕیارەکـان و متمانەدانـەوە. چوارەم ڕەفتارەکانیان پێشبینی دەکرێت. ئەم چوار ڕەگەزە لە پەیوەندیی نێـوان هاوڵاتییـان و سیاسـییەکان جێبـەجێ دەبێـت بەرانبـەر بـە ئـەدای سیاسییەکان (Meer, 2017, P. 129).

**باسی دووەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئەم دەستگایە وەکو دووەمین دەستگای سەرەکی جێبەجێکاری، بە گوێرەی یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی ١٩٩٢ دامـەزرا بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشاییە یاساییەی لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، دوابەدوای ئەوەی حکومـەتـی نـاوەنـدیی عێراقـی دامـودەسـتگاکانی خـۆی بـەتـەواوی لـە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان(هەولێر، سلێمانی، دهۆک) کێشایەوە. بۆیـە لـە دوای هەڵبژاردنـی یـەکـەم لـە هـەرێم، لـە١٩٩٢/٧/٤ کابینـەی یـەکـەمـی حکومـەتـی هـەرێمـی کوردسـتان پێـک هـات (عبداللە، ٢٠١٧، ل٤٢٦، عـەلائـە ددیـن، ٢٠١٣، ل٦٣). بـە مـەبـەسـتی بـەردەوامبـوون لـەسـەر سیاسـەتـی دیموکراسی سازان (توافق)، ئەگەرچی پۆستە هـەستیارەکان بەسـەر دوو پارتی براوە دابـەش کران، بـەڵام لـەهـەمـان کاتدا پۆسـت درا بـەسـەرجـەم پارتە سیاسییەکانی تر(عەلائەددین، ٢٠١٣، ل٦٣). تەمـەنی کابینـەی یـەکـەم تـەنها هـەشـت مانـگ بـوو، بـەهـۆی ململانێکـانی نـاو یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان و گـۆڕینی سـەرۆکی حکومـەت و وەزیـرەکـان کـە پشـکی ئـەو بوون (عەلائەددین، ٢٠١٣، ل٦٩-٧٠). وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئەم دەستگایەش توشی کێشە هات و بۆ ماوەیەکی زۆر

و هەتا ساڵی ٢٠٠٦ بەدوو ئیدارەیی مایەوە، هەرچەند لەوماوەیەدا سێ کابینەی حکومەت پێکهات.

کابینەی دووەم ساڵێک دواتر لە ١٩٩٣/٤/١٧ پێک هات. بەهەمان شێوەی کابینەی پێشوو، کابینەی دووەمیش بەهاوبەشی لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و براوەی هەڵبژاردنەکان دروست کرا. سەرەتای کابینە کە هێمنی بەخۆیەوە بینی و دواتر وردە وردە ململانێی دوو پارتەکە توندتر دەبوون (عەلائەددین، ٢٠١٣، ل٧١-٧٢). تاوەکو جەنگێکی ناوخۆ لەنێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکە ڕوویدا و هەرێمی کوردستان دابەش بوو لە نێوانیان.

کابینەی سێیەم و چوارەم بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بەپچڕپچڕی و هە ریەکە و لە هەرێمێک پێکهات. پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٦_-٢٠٠٦) دوو کابینەی لەناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی (هە ولێر و دهۆک) دروست کرد[٢]. یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیش، لەماوەی ئەم دە ساڵە دوو کابینەی لە هەرێمی سلێمانی دروست کرد[٣] (کریم، علی، محمد، خالد، عباس، محمد و مەحوی، ٢٠١٥، ل٢٨-٤٢). ئەم کابینانە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکترەوە نەبوو و هەردوولا سیاسەتی تایبەت بەخۆیان لە هەرێمەکانیان پەیڕەو دەکرد.

دوای پرۆسەی داگیرکاریی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣، هەردوو هەرێم یە کیان گرتەوە و پەیمانێکیان مۆرکرد بەناوی (ڕێککەوتنی سەرلەنوێ یە کگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١/٢١. دوای هەڵبژاردنە گشتییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) کابینەی پێنجەمی حکومە تی هەرێمی کوردستان متمانەی پێ بەخشرا لە٢٠٠٦/٥/٧ (عبداللە، ٢٠١٧، ل٤٢٨، کریم، علی، محمد، خالد، عباس، محمد و مەحوی، ٢٠١٥، ل٤٢-٤٣). کابینەی پێنجەم کابینەیەکی بنکە فراوان بوو و لە چل و دوو وەزارەت

پێکهاتبوو، چونکە بواری بۆ ئۆپۆزسیون نەهێشتەوە و زۆربەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی بەشداری پێکرا لەحوکمڕانی. لەلایەکی ترەوە، زۆربە ی دامودەستگا حکومییەکان لەهەردوو ئیدارەکە هەڵوەشێنرانەوە و کەوتنەوە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی یەکگرتوو (عەلائەددین، ٢٠١٣، ل١٠٦-١٠٩، Rogg and Rimscha, 2007, P. 832). هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لێرەوە بەهاوبەشی ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی ناو هەرێمی کوردستان، دەرەوەی هەرێم و ناو دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای هاوسەنگی لە دەسەڵاتداریەتی بەهۆی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی لە نێوانیان مۆرکرابوو لەساڵی ٢٠٠٧.

هەریەکە کابینەی شەشەم و حەفتەم، چوار ساڵی خایەند بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە هەردوو ساڵ یەکێکیان سەرۆکایەتی کابینەکە بگرنە ئەستۆ. بەمەش کابینەی شەشەم لەساڵی ٢٠٠٩ پێکهات. لە دوای ئەم ساڵەوە وەکو پێشتر باسمان کرد دیاردەیەکی تری نوێ هاتە نێو سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان کە بریتیبوو لە خۆ بەئۆپۆزسیۆن ناساندنی سێ پارتی سیاسی (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) کە هەر لەگەڵ دەستپێکی کابینەکە دەستیان بەکاری ئۆپۆزسیۆنی کرد و هەرسێکیان پێکەوە خاوەنی (٣٥) کورسی پەرلەمانی بوون. کابینەی حەفتەم دوو ساڵ دواتر لەساڵی ٢٠١٢ پێکهات (کریم، علی، محمد، خالد، عباس، محمد و مەحوی، ٢٠١٥، ل٤٥-٤٩، عەلائەددین، ٢٠١٣، ل١١٩-١٢٠) و هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٤ بەردەوام بوو.

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنە کانی ساڵی ٢٠١٣ دروست بوو. ئەم کابینەیە بەکابینەی بنکەفراوان ناسێنرا لەبەرئەوەی نۆ مانگ دوا کەوت بۆ بەشدارپێکردنی زۆرینەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان (کریم، علی، محمد، خالد، عباس، محمد و مەحوی، ٢٠١٥، ل٤٩-٥١)، کەچی دواتر بەهۆی ناکۆکیی

سیاسیی لایەنەکان و قوڵبوونەوەی قەیرانەکان لە ماوەی ئەم کابینەیەدا، هەرسێ پارتی ئۆپۆزسیونی کابینەی پێشوو کە لەم کابینەیە هاتبوونە ناوحکومەت لەنیوەی کۆتایی کابینەکە کشانەوە. لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ەوە کابینەی نۆیەم دەستبەکار دەبێت.

بەگشتی ئەم پرۆسەی بڕیاردانە لەناو ئەم دەستگایە بە تۆڕێکی بیرۆکراتی ئاڵۆز بەستراوەتەوە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ترۆپکی دەسەڵاتی بڕیارەکانە و دواتر وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و کەرتەکانی تر دێن, ئەمە جگە لەوەی ئەنجوومەن چەندین فەرمانگەی تایبەتمەندی هەیە بەکەرتە جیاوازەکانی فەرمانڕەوایەتی کە ئەمانیش بەشداری کارایان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار هەیە, (عەلائەددین، ٢٠١٣، ل٢٢٠) و لە ڕەنگدانەوەی ئەو بڕیار و دواتر کردارانە خەڵک متمانەی خۆی دەربارەی کاری حوکمداری دەردەبڕێت.

ئەم دەستگایە (حکومەت) زیاتر لە دەستگاکانی تری سیستەمی سیاسی کاریگەری لەسەر متمانەی سیاسی هەیە. هەروەکو کارۆلینە ئارانسیبە پێی وایە کە خودی متمانە لەپەیوەستبوون (Link)ی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت دێتەکایەوە و شەرعیەتی دیموکراسی و سەقامگیریی حکومەتیش بەرهەمی ئەم متمانە پێدانەیە ( Arancibia, 2008, p.2)، بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان خەڵک ڕاستەوخۆ لە دیدگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی خۆی کە زۆربەیان بە حکومەتەوە پەیوەستن, سەیری سیستەمی سیاسی دەکات و تاڕادەیەکی زۆر متمانەی سیاسی تاکەکان لەسەر ئەدای ئەم دەستگایە بونیاد دەنرێت.

کەواتە متمانەی سیاسی خاڵێکی جەوهەریی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان هاوڵاتییان و حکومەتە، چونکە لەو کاتەی هەردوو لایەن گەمەیەکی ناسفری (Non-Zero Game[٤]) دەکەن قازانج و زیانیان هاوبەشە،

لەبـەر ئـەوەی متمانـە وزە دەبەخشـێتە هەردولایـەن. بـۆ هاوڵاتییـان، دیاریکردنی باشترین بژاردەی خزمەتگوزاری و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی سـەرکەوتووانە لەلایـەن حکومـەت دەبێـتە هـۆی حەسـانەوەیان و بـەڕێوەبردنی کارەکانیـان بەئاسـودەیی. بەهـەمان چەشـن، بـۆ حکومـەت متمانە سوودی زۆری هەیە، چونکە گوێڕایەڵی خەڵک دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ حکومەت (Arancibia, 2008, p.2) و ئامانجەکانی حکومەت ئاسان و نزیک دەکاتەوە.

بەشـێوەیەکی سروشـتی دەکرێـت بگوترێـت لەسـەرەتای بونیادنـانی دەسەڵاتی سەربەخۆ و ڕزگاربوون لەداگیرکاری، بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگـاریخوازی  و حکومـەتیش متمانـەی بـەرزی هاوڵاتییـانی وڵاتەکـەی بەدەسـت دێنێـت، بـەڵام دواتـر بـەهۆکاری ململانـێ لەسـەر دەسـەڵات و بەرژەوەندیخوازی و هۆکـاری تـر وردە وردە ڕێژەی متمانـە دادەبـەزێت. ئەم هاوکێشەیە گشتییە و لە زۆربەی وڵاتاندا وەکو یەکە.

ئەگـەرچی داتـای پێویسـت بەردەسـت نـین لەسـەر متمانـەی سیاسـی خەڵکی هەرێمی کوردسـتان لەسـاڵەکانی سـەرەتای کـارکردنی دەسـتگاکان، بـەڵام دەشـێ لەسـەر بنـەمای ئـەو هاوکێشـەی سـەرەوە گریمـانەی ئەوە بکەین کە سەرەڕای ئەو بارودۆخە خراپەی حکومەت لە کابینەی یەکەمدا تێیدا ژیاوە، بەڵام هاوڵاتییان متمانەیان بەرزبووە. دواتر بەهۆی شەڕی نـاوخۆ و دوو ئیـدارەیی و چەنـد هۆکـاری تـر وردە وردە ئـەم متمانەیـە دابەزیوە.

متمانـەی خـەڵک بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـەچەندین کـاتی جیاواز و دەستگای جیاوازدا بەم شێوەیە بووە. لەساڵی ٢٠٠٨ لە هـەرێمی کوردستان پرسیاری ئەوە کراوە کە متمانەت بەکام لەمانەی خوارەوە هـە یـە؟ متمانـە بـە حکومـەت تـەنها (%٧) بـووە (باخـەوان، ٢٠١٣، ل٥٣). لـە ڕاپرسیەکی تر کە کۆمپانیای بارومـەتر لەسـاڵی ٢٠١١ ئـەنجامی داوە، بـۆ

وەڵامی پرسیاری (چەندە متمانەت بەحکومەتی هەرێم هەیە؟) ئەنجامەکان بەپێی شارەکان گۆڕاون. لە شاری هەولێر ٥٨%، لەشاری سلێمانی ٤٨%، تێکڕای هەردوو شار دەکاتە ٥٣,٤%. لەگەڵ ئەمانەشدا، لەساڵی ٢٠١٢ دا پەیمانگای کوردستان لە متمانەی سیاسی هاوڵاتییانی پرسیوە سەبارەت بە حکومەت و لەکۆی گشتی، ٤٥,٩% ی بەشدابووان زۆر متمانەیان بە حکومەت هەبووە و تەنها ١٤,٦٣% متمانەیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە. هەمان پەیمانگە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣دا نموونەیەکی فراوانی لەهەموو هەرێمی کوردستان وەرگرتووە و تێیدا ٤٣,٥٢%ی هاوڵاتییان متمانەیان بە حکومەت هەبووە (خليل، محمد و جوزل، ٢٠١٧، ل١٦٠).

بەهەمان شێوە لەساڵی ٢٠١٣ چەندین پرسیاری تر سەبارەت بە متمانەی سیاسی هاوڵاتییان بە حکومەت کراوە. ئایا پێت وایە ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی دەکات بووبێتە پردێک بۆ دروستبوونی متمانە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات؟ زیاتر لەنیوە (٥٤%)ی هاوڵاتییان ئەو باوەڕەیان نەبووە. لە وەڵامی پرسیاری دواتر (٩٦%) هاوڵاتییان باوەڕیان وابووە کە باشترین ئەو خزمە تگوزارییانەی پێویستن بۆ متمانەکردن بە حکومەت بریتییە لە شوێنی نیشتەجێ بوون، ئاو، کارەبا و ڕێگا و بان (صالح، ٢٠١٣، ص-١٨٧١٨٦). سەبارەت بەوەی ئایا دامودەستگاکانی حکومەتی هەرێم ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی متمانەی سیاسی لەنێوان هاوڵاتی و دەسەڵاتی سیاسیی هە رێمی کوردستان، تەنها (١٦%)ی بەشداربوان بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و (٤٨%)ی هاوڵاتییان پێیان وانەبووە دامودەستگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانە لەنێوان ئەم دوو لایەنە بونیاد نابێت (صالح، ٢٠١٣، ص١٦٦-١٦٧).

دەستگاکانی پۆلیس و ئاسایشیش کە سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنن خاوەن متمانەی بەرزتر بوون لەدەستگا حکومییە

مەدەنییــەکان. بــۆ نموونــە لەچەنــد ڕاپرســییەکی پەیمانگــەی کوردســتان لەسـاڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣دا دەردەکەوێـت کـە متمانـەی هاوڵاتییـان لـەنێوان ٥٧% بۆ ٦١%ە بەم دەستگایانە (خلیل، محمد و جوزل، ٢٠١٧، ل١٦٢).

## بەشی دووەم/ پێوانەی متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان

### باسی یەکەم/ میتۆدۆلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

#### یەکەم/ میتۆد و جۆری توێژینەوەکە

**١- میتۆدی تێکەڵاو (Mix Method)**

میتـۆدی تێکـەڵاو، لـە ڕێگـەی ئـەم تێکـەڵکردنی میتـۆدەوە کاریگـەریی گـەورەی لەتێگەیشـتی کێشـەی توێژینەوەکـە هەیـە ( Kara, 2018, P. 173, McNall, Doberneck, and Egeren, 2012, P. 262). واتـە میتـۆدی تێکـەڵاو دەتـوانێ شـیکاری بـۆ دەرئـەنجامـەکان بکـات کـە بـەهۆی داتاکانـەوە وەدەسـت هاتـوون، ئـەمـە جگـە لـەوەی لـە ڕێگـەی ئـەم میتـۆدەوە دەتوانرێـت پێشـبینییە چـاوەڕواننـەکراوەکانیش بـۆ لێکدانــەوە سیاســی و کۆمـەڵایەتییـەکان شـرۆڤە بکرێـت ( Klingner, J., and Boardman, 2011, P. 209).

بـەبڕوای لایـەنگرانی میتـۆدی تێکـەڵاو، کاتێـک تـوێژەر پشـت بـەچەنـد میتــۆدێکی جیــاواز بــۆ دەســتکەوتنی زانیــاری ببەســتێ ، ئــەوا بێگومــان دەرهاویشتەکانی ئەم توێژینەوەیە مایەی متمانەی زیاتر دەبن ( McNall, Doberneck, and Egeren,, 2012, P. 262). عبـاس تەشـەکوری و جـۆن کریســوێڵ بــە میتـۆدێـک پێناســەی دەکــەن, کــە لـە توێژینەوەیەکـدا هـەردوو ڕێبازی چەندێتی و چۆنیـەتی تێکـەڵ دەکـات بـۆ نیشـاندانی ڕووی ڕاستەقینەی کێشـەکە و شـیکار کردنـی ( McBride, and Mazur, 2010, P. 36). بـەبڕوای کریسـوێڵ، واقیعگـەراکان دەرگایـەکی نوێیـان

کردەوە بۆ تێکەڵی میتۆدی، تێکەڵی ڕوانگە جیاوازەکانی جیهان، گریمانە جیاوازەکان و فۆڕمی هەمە جۆری داتا کۆکردنەوە لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە (McBride, and Mazur, 2010, Pp. 36-37 ) کە ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ئێمە ڕەخساندووە تاوەکو لەهەرسێ بواری تیوری، چەندێتی و چۆنیەتیەوە پەردە لەسەر ناسینی متمانەی سیاسی و پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵماڵین، دۆزینەوەی هۆکارەکانی لاوازبوون یان بێ متمانەیی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

بەبڕوای کریسویڵ و پلانۆ کلاڕک ( Creswell and Plano Clark) شەش ڕێگا لەناو میتۆدی تێکەڵاو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هەن. لەناویاندا ئێمە ڕێگای یەکەم و پێنجەممان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان، چونکە ڕێگای یەکەم کە ناسراوە بە داڕشتنی یەکگرتوو (Convergent Design) داتاکانی چەندێتی و چۆنیەتی لە ئیستادا کۆدەکاتەوە و هەریەکەیان بەجیا شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و دواتر دەرئەنجامی هەردووکیان تێکەڵ دەکرێت ( Klingner, J., and Boardman, 2011, P. 210, Hora and Anderson, 2012, P. 577). گرنگی میکانزمی پێنجەم لەوەدایە کە لایەنی تیۆریش فەراهەم ناکات. لە (داڕشتنی ڕاگوزەری یان گواستراوەیی ( Transformative Design)، توێژەر توێژینەوەکە لە ڕوانگە تیۆرییەکان شرۆڤە دەکات و دواتر هەردوو زانیاریی چەندێتی و چۆنیەتی لەیەک کات کۆدەکاتەوە و بەشێوەی زنجیرەیی و یەک لەدوای یەک (Consecutive) ئەم سێ لایەنە (تیۆری، چەندێتی (پرسیارنامە) و چۆنیەتی (چاوپێکەوتن) دادەنێت (Klingner, J., and Boardman, 2011, P. 210).

## ٢- میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی (Social Survey Method)

لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە دەتوانین نموونەی جیاجیا لەشوێنی جیاواز و بیروباوەڕی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردستانی وەربگرین. بەبڕوای هۆتینی (Hodini) روپێوو "هەوڵدانێکی ڕێکخراوە بۆ شیکردنەوە و تەئویل و تۆماری بارودۆخی ئیستای سیستەمی کۆمەلایەتیی کۆمەڵێک یان ڕێکخرا و هەریمێک. هەروەها ڕوپێوو جەخت لەسەر چینەکان دەکاتەوە لە کاتی ئیستادا کە ئامانج لێی بریتییە لە دەرخستنی چەند داتا و زانیارییەک و گشتاندنیان بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکاری زانستی لە داهاتوویەکی نزیک (صالح، ٢٠١٣، ص١٣٧). بەهۆی ئەوەی توێژەران ناتوانن تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەربگرن، پەنا دەبەنە بەر ئەم ڕێگا زانستییە و میتۆدی روپێوی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی نموونە (Social Survey Method Sample) بەکاردێنن ( صالح، ٢٠١٠، ل١٦). ئەم توێژینەوەیە هەمان شێوازی زانستی بەکاردێنێت و هەوڵیداوە نموونەیەکی زانستی وەربگرێت و دواتر گشتاندن بکات بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان.

## ٣- خوێندنەوەی بار (Case Study)

ئێمە تەنها تێکستی متمانەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرین. واتە توێژینەوەکەی ئێمە دەچێتە چوارچێوەی خوێندنەوەی بار (دراسة حالة). خوێندنەوەی بار لە زانستە جیاوازەکاندا بە چەندین شێوە بەکاردێت و دەشێ بە هەردوو دیوی چەندێتی و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت ( Jensen, J., and Rodgers, 2001, P. 237). لە زانستی سیاسەتدا لێکۆڵینەوە دەکات لەیەکێک لە یەکە سیاسییەکان یاخود یەکە سیاسییە کۆمەلایەتییەکانی وەکو (کەسایەتییەکان، کۆمەڵەکان، بنەماڵەکان، دیاردەکان، ڕووداوەکان، سیستەمەکان و ...هتد)(Jameel, 2017, P. 56). بەبڕوای د. عادل ثابت، خوێندنەوەی بار یەکێکە لە فراوانترین ئاراستەکانی شیکردنەوەی ئەو

بابەتانەی پەیوەندییان بە سیستەمی سیاسییەوە هەیە بەتایبەت لە کاتێکدا تـوێژەر پـەنا بباتـە بـەر شـیکردنەوە لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی میکانیزمـە مەیــدانییەکان وەکــو هۆکارێــک بــۆ گەیشــتن بــە زانیــاری دەربــارەی سیستەمەکە (ثابت، ٢٠٠٧، ص١٣-٢٢).

لە فەرهەنگی کۆمەڵناسیدا بەم شێوەیە ناسێنراوە ( Jameel, 2017, P. 56): "تاقیکردنـەوە و پشـکنینی تـەنها یـەک یەکـە لـەپۆلێکی دیاردەکـە، لە کاتێکدا ناکرێت زانیاریی تـەواو لـەبارەی تـەواوی پۆلەکە وەربگیرێت" . بە مانایەکی تر، خوێندنەوەی بار میتۆدێکە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسـەر بارێک (حالة) یان هەندێک بار (الحالات) لە میانی تاقیکردنەوەی ئەزموونی دیاردەیــەکی واقیعــی لــە ســیاقی سروشــتی خۆیــدا ( Kaarbo and Beasley, 1999, P. 372). لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەموو ئـەو میتۆدانـەی لەسـەرەوە باسـمان کـرد دەخرێنـە خزمـەتی خوێندنـەوەی بـاری متمانـەی سیاسی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**دووەم/ میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**١- پرسیارنامە (Questionnaire)**

پرسیارنامە فۆڕمێکە کە چەندین پرسیاری تایبەتی و گشتی سـەبارە ت بـە بابـەتـەکـە لەخۆگرتـووە. ئـەم فۆڕمـە ئامرازێکـە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاری لەسـەر کۆمـەڵگەی توێژینـەوەکە, کـە لـە ڕێگـەی ئـەلیکترۆنی یـان ڕووبەڕوو بەدەست دەدرێت بەلێتوێژەرەکان بۆ زانینی بیروڕایان سـەبارە ت بەو پرسەی توێژەر مەبەستیەتی بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی توێژینـە وەکە (صالح، ٢٠١٣، ص١٣٧-١٣٨).

بۆ پێوانەکردنی متمانەی سیاسی بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، پێوەرێکی ڕێکخراومـان دانـاوە کـە بەسـەر دوو لایـەنی گشـتی و تایبـەتی دابـەش کراوە. سـەرەتا (٨) هەشـت پرسـیاری گشـتیمان کـردووە لـەبارەی

ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، کار و پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون و جۆری موڵکەکە و باری ئابووری. ئەم زانیارییانە تەنها بۆ ناساندنی جۆر یان شێوە و بارودۆخی یەکەکانی نموونەکەمان نییە، بەڵکو پێویستییەکی زۆرمان  بە بەستنەوەی هەریەک لەو فاکتەرانەی سەرەوە بە بابەتی توێژینەوەکەمان هەبوو. سەبارەت بە پرسیارە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە لە لایەنی مەیدانییەوە (١٦) شازدە پرسیارمان کرد (بڕوانەی خشتەی 1.2)

وەڵامەکان داخراون، چونکە هەروەک دیریک لایدەر دەڵێ: ئەستەمە بتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی گەورەی توێژینەوە، بگەین بە وەڵامێکی یەکگرتوو و لێکچوو یان ڕازیکار بەهۆی فۆڕمی کراوە بۆ وەڵامەکان، لەبەر ئەوە ئەم شارەزایە پێی باشە پەنا ببرێتە بەر وەڵامی داخراوی پوخت و زانستی (عزیز، ٢٠١١، ل١٢٩). لەسەر ئەو بنەمایە، لێتوێژەر پێنج بژاردەی لەبەردەم بوو لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بۆ وەڵامەکانی، بەم شێوەیە (زۆر لەگەڵیدام، تاڕادەیەک لەگەڵیدام، نەلەگەڵیدام و نە لەگەڵیدا نیم، لەگەڵیدا نیم، زۆر لەگەڵیدا نیم). ئەمەش لەسەر ئەو بنەما زانستییانەی کە توێژەرە ڕۆژئاواییەکان لە توێژینەوەکانیاندا لەبارەی متمانەی سیاسی بە حکومەت یان یەکەکانی سیستەمی سیاسی پشتیان پێ بەستووە (Blasius and Thiessen, 2001, Hetherington and  Globetti, 2002, and Hetherington, 1998).

لەلایەکی ترەوە بۆ پێدانی بەها بە وەڵامە ئەرێنییەکان بەم شێوەیە بووە: (٥-٤-٣-٢-١) و بەپێچەوانەشەوە (١-٢-٣-٤-٥) بۆ وەڵامە نەرێنییەکان لەسەر بنەمای ڕێسا زانستیەکان (احمد، ٢٠١١، ل٢٥٥، المحمداوی، ٢٠٠٧، ص٨٥-١١٣، العکایشي، ٢٠١٢، ص٢٤-٢٦).

کەواتە لێرەدا پێدانی کێش (وزن) بۆ متمانە پێچەوانە دەبێتەوە، هەرچەندی لە پلەی سێ (٣) ° کە ناوەندی گریمانەیی ئێمەیە، بەگوێرەی

ڕێکارەکانی ئاماری زانستی بۆ هەر بڕگەیەک بەرەو خوارەوە بڕوات هێزی متمانە بە دەستگا یان کەس و لایەنەکە کەمە و لاوازە. هەرچەندیش بۆ سەرووی ئەم پلەیە (٣) بڕوات، واتە متمانە بەرزە[٦].

لە دوای داڕشتنی پرسیارەکان بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان، توێژەر هەردوو میکانیزمی ڕاستێتی و جێگیری بۆ پرسیارنامەکەی بەکارهێناوە.

بۆ دڵنیابوونەوە لە گونجاویی پرسیارەکان و شێوازی بڵاوکردنەوە و کۆکردنەوەی پرسیارنامەکان و بۆ مەبەستی ڕاستیەتی و گونجاوی پرسیارەکان، بەتاڵکردنەوەی زانیارییەکان، شیکردنەوە و ڕێکارە مەیدانییەکانی تری توێژینەوەکە، توێژەر لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ لە بەشی زانستە سیاسییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، بەشی یاسا و بەشی ئامار، ڕاوێژی کردووە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لەناو جۆرەکانی پێوانەکردنی ڕاستێتی، ڕاستییەتی ناوەڕۆکی (Content Validity) هەڵبژاردووە و لەناو ئەم جۆرەشدا ڕاستێتی ڕواڵەتی بەکارهێناوە, کە ئاماژەیە بۆ ئامادەکردنی پرسیارنامەکە لەلایەن خودی توێژەرەوە, بەو مانایەی توێژەر پێی وایە ئەم زانیارییانەی لێرەوە بەدەست دێن، دەبنە سەنگی مەحەک بۆ یەکلایکردنەوەی بابەتەکەی (سالح، ٢٠١٠، ل٢٤). بۆ ئەم مەبەستە وەکو لەسەرەوە باسمان کرد توێژەر پرسیارنامەکەی بردە لای پسپۆڕان[٧] بۆ هەڵسەنگاندنی شیاوبوون یان نەشیاوی پرسیارەکان. لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە بیروڕای ئەم پسپۆڕانە، هەندێک پرسیارمان لابرد و هەندێکی تری نوێ زیاد کران و بەشێکیانیش لە ڕووی مانا و ڕێزمان و دەربڕینەوە گۆڕانیان بەسەردا هات. ئەنجامی ڕاستێتی بریتیبوو لە (97.64%).

توێژەر وەک دەستپێکی ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەی بواری مەیدانی چەند نموونەیەک وەردەگرێت و دواتر بەتاڵیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە ئاشنا بێت بەئاستەنگەکان و پێوانەکردنی جێگیریی بڕگەکانی.

ئـەم کـارە لەڕووی زانسـتییەوە بەچەنـد جۆرێـک ئـەنجام دەدرێـت. لـەم توێژینەوەیـە ڕێگـای دابەشـبوونی نیـوەیی بـۆ پێوانـەی جێگیـری ( Split – Half Reliability) بـەکارهاتووە (عزیـز، ٢٠١١، ل١٣٠، صـالح، ٢٠١٠، ل٢٥). لێرەدا تـوێژەر دوای ئـەوەی (١٢) پرسـیارنامەی دابـەش کـرد لـەناو شـاری هـەولێر بەشـێوەی هەڕەمـەکی لەیـەک کـاتی دیـاریکراودا، دواتـر بەسـەر دوو گـروپ دابەشـی کـردن (پرسـیارە تاکـەکان و پرسـیارە جووتەکان). ئینجا لە ڕێگە بەکارهێنانی ئامرازی ئـاماری سـبیرمان بڕاون هەردوو گروپەکە ژمێردران و جێگیری ئامراز دەرهێنرا کە بریتیبوو لـە (0.887) کە بێگومان ئەمەش ڕادەیەکی بەرزی جێگیرییە بۆ توێژینەوەکە.

**١- چاوپێکەوتنی کراوە (Open Interview)**

بـەپێی میتـۆدی هـەڵبژێردراوی توێژینەوەکـەمان (مێتـۆدی تێکـەڵاو)، پێویسـت بـوو کـە پرسـیارەکانی چاوپێکـەوتنی کـراوە لەسـەر هـەمان پرسـیارەکانی تـر بێـت، بـەڵام بـە کـورتی و پـوختی. بەجیاوازییـەکی کـەم لەگـەڵ پرسـیارنامەکە، ئێمـە چـوار پرسـیاری تێـر و تەسـەلەمان ئاراسـتەی نوخبەی هەرێمی کوردستان کرد لـەبارەی متمانـە بـە حکومـەت لـە ڕووی ئـەدای خزمەتگوزارییـەکان، وەرگـرتن و خـەرجکردنـەوەی بـاج و داهاتـە گشـتییەکان، پەیوەنـدیی گەنـدەڵی و متمانـەی سیاسـی، هـەروەها متمانـە بەهێزە چەکدارە فەرمییەکان.

**(٥-٣) کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە**

**(٥-٣-١) دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمە, هەرێمی کوردستانە بەهەمـوو پێکهاتـە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانەوە. قەزای ناوەندیی شارەکانی هەرێمـی کوردستان و قەزاکانی دوور لەم قەزایانە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵـە بجە، ڕانیە، سۆران، ئاکرێ و کەلار) وەرگیراون. ئەگـەرچـی تـاوەکو ئێسـتا

سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان نەکراون، بەڵام بۆ ئەوەی نموونەیەکی ڕاست و دروست وەربگرین و هاوسەنگی هەبێت، سەردانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانمان کرد و دوایین داتای دەنگدەرانی سەرووی هەژدە ساڵی هەر یەک لەو هەشت قەزایەمان جیاکردەوە و بەسەر ڕێژەی نموونەکەمان دابەش کرد وەکو لەخشتەی (1.2) دیار کراوە[٨].

بەپێی پێوەری زانستی ئامار، بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەیەکەی

خشتەی (1.2) دابەشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و چۆنیەتی وەرگرتنی نموونەکە بەگوێرەی قەزاکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان (18ساڵ بەسەرەوە) | ناوی قەزا | ژمارەی دانیشتوانی قەزا (18 ساڵ بەسەرەوە) | ڕێژەی سەدی | قەبارەی نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1109072 | قەزای ناوەند | 353856 | %25 | 100 |
| | | قەزای سۆران | 84698 | %6 | 24 |
| سلێمانی | 1196980 | قەزای ناوەند | 558364 | %39.25 | 157 |
| | | قەزای ڕانیە | 93624 | %6.50 | 26 |
| | | قەزای کەلار | 50948 | %3.50 | 14 |
| دهۆک | 711218 | قەزای ناوەند | 202055 | %14.25 | 57 |
| | | قەزای ئاکرێ | 37997 | %2.75 | 11 |
| هەڵەبجە | 68191 | قەزای ناوەند | 33370 | %2.75 | 11 |
| کۆی گشتی | 3085461 | 8 | 1414912 | %100 | 400 |

سەرووی یەک ملیۆنی، نابێت لە (٣٨٤) نموونە کەمتر بێت (النجار، النجار و الزوعبی، ٢٠٠٨، ص٨٨)، ئەگەر بۆ قەبارەی نموونەی دەستنیشانکراوی ئێمە (٤٠٠) چوار سەد یەکە وەربگرین ئەوا بۆ هەر (٣٥٣٧) سێ هەزار و پێنج سەد و سی و حەفت کەسی سەروو هەژدە ساڵی، پرسیارنامەیەکمان دابەش کردووە بەپێی ئەو هاوکێشە ئامارییەی خوارەوە:

ڕێژەی دانیشتوانی سەروو هەژدە ساڵی هەر هەشت قەزاکەی نموونەکەمان بریتییە لە (١٤١٤٩١٢) ملیونێک و چوارسەد و چواردە هەزار و نۆسەد و دوازدە کەس و ڕێژەی فۆرمەکان کە (٤٠٠) چوار سەد نموونەیە بەپێی ئەم ئامارە دەکاتە: $\frac{1414912}{400} = 3537$

وێنەی (1.2) [٩] نموونەی وەرگیراو لەناوەندی پارێزگا و قەزاکانی هەرێمی کوردستان




**(٥-٣-٢) جۆری نموونەکە**

گرنگیی وەرگرتنی نموونەی تێزەکە لەوەدایە کە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانرێت دواتر ئەنجامەکان بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. لێرەدا بۆ وەرگرتنی نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان کە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانە، پشت دەبەستین بە جۆری نموونەی هێشوویی هەڕەمەکی (العینة العشوائیة العنقودیة Cluster Random Sample) و لەناو نموونە هێشووییەکەش نموونەی فرە قۆناخ (Multistage Sampling)مان بەکارهێناوە (Harrison, 2009, P. 3 ). لێرەدا لیستی هەموو گروپەکان و شوێنەکان وەردەگیرێ و بەشێوەی هەڕەمەکی گرووپەکانی نموونەکە هەڵدەبژێردرێت (Ahmed, 2009, P. 3) ئەمەش لەگەڵ مەبەستی ئێمە یەک دەگرێتەوە. واتە ئەم میتۆدە بۆ نموونەی فراوان بەکاردێت و ئێمەش هەرێمی کوردستانمان دابەشی چوار پارێزگا کرد و دواتر لەگەڵ هەر پارێزگایەک بەگوێرەی دووریی جیۆگرافی, قەزایەکی گەورەمان وەرگرت. دوای ئەوەی لیستی گەڕەکەکانی هەر دەڤەرێک کە بۆی دەچووین

دیاریمان دەکرد، ئینجا بەشێوەی تیروپشک گەڕەکەکان هەڵبژێردران، چونکە وەکو لە میتۆدەکەدا هاتووە کە هێشوویی هەڕەمەکییە. دواتر لەبەر نەبوونی لیستی کۆڵان، ماڵ و کەسەکان و ئەستەمی ئەم کارە، ئێمە بەشێوەی هەڕەمەکی دەچووینە چەند کۆڵانێک و چەند ماڵێک لە گەڕەکەکە، لەوێدا تەنها یەک کەس لە ماڵەکە.

**چوارەم/ سنووری توێژینەوەکە**

**١- سنووری شوێن**

سنووری یاسایی هەرێمی کوردستان سنووری توێژینەوەکەمانە. کە بریتییە لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە). دواتر لەسەر بنەمای ئاماری دانیشتوان تارادەیەک بە هاوسەنگی فۆڕمەکانمان بەسەر هەرچوار پارێزگای توێژینەوەکە دابەش بوون, ئەمەش گرنگیی خۆی هەبوو لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە مەبەستی بوو هاوسەنگییەک ڕابگرێت لەنێوان شارەکانی پێشتر کە لەژێر سەرپە رشتیی ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون.

**٢- سنووری کات**

کاتی مەیدانیی توێژینەوەکە لە بڵاوکردنەوەی فۆڕمەکانی پرسیارنامە کان بۆ خەڵکی ئاسایی لە 2018/10/31 دەستی پێکرد هەتاوەکو 2018/12/7 بۆ هەموو قەزاکان و چاوپێکەوتنە تایبەتەکان لە 2018/12/2 دەستی پێکرد هەتاوەکو 2019/1/20.

**پێنجەم/ میکانیزمی ئاماری**

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی ئێستا لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی پرۆگرامی پاکێجی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS). لەم توێژینەوەیەدا بۆ خستەڕوو و

شـیکردنەوەی زانیارییـەکان، سـوود لـەم پرۆگرامـە ئاماریـە (SPSS) وەرگیراوە، تیایدا بەتایبەت هەر یەکە لە ئامرازە ئامارییەکانی:

١- دووبارەبووەکان (تكرارت) و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی (Mean)و لادانی پێوەریی (Std. Deviation).

٢- هاوکۆلەکـەی پەیوەسـتی ئـەلفا (ئـەلفا کرونبـاخ Cronbach's Alpha-) بـۆ مەبەسـتی دۆزینـەوەی جێگیریـی ئـامرازی کۆکردنـەوەی زانیاری.

٣- تاقیکردنەوەی (T- Test) تیایدا تاقیکردنـەوەی (One sample T. test)بـۆ یـەک نمونـە بـە مەبەسـتی پێوانـەکردنی متمانـەی سیاسـی، تاقیکردنـەوەی (Independent sample T. test) بـۆ دوو نموونـەی قەبارە جیاواز بۆ دیارییکردنی جیاوازیی نێوان بـەهای ناوەنـدە ژمێـرەیی دوو نمونەی قەبارە جیاواز.

٤- شیکاری جیاکاریی ئەنۆڤا (one- way Anova) بۆ دیـاریکردنی جیاوازیی نێوان بەهای ناوەندە ژمێرەیی ئەو گروپ یا گۆڕاوانەی بـۆ سـێ بەش یان زیاتر دابەش دەبن.

٥- تاقیکردنـەوەی پـەیوەسـتی سـبیرمان بـراون (Spearman Brawn )بەمەبەستی دۆزینەوەی بەهای جێگیریی ئامرازی کۆکردنـەوەی زانیاری.

**باسی دووەم/ خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی**

**یەکەم/ تایبەتمەندییە گشتییەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

سـەرەتا پێویسـتە زانیارییـە تایبەتییـە بەدەسـتهاتووەکانی وەکـو تایبەتمەنـدی لێتـوێژەران و کێڵگـەی توێژینەوەکـە لـە ڕووی مەیـدانییەوە

بخرێنەڕوو تاوەکو زانیاریی ورد لەبەردەست بن سەبارەت بە چەندێتی و چۆنیەتی بەشداربوانی نموونەکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. هەوڵدراوە بەکورتی ئاماژە بە هەریەک لەم گۆڕاوانە بدرێت دواتر بە بابەتی توێژینەوەکە ببەسترێنەوە.

### ١- گۆڕاوی ڕەگەز

هەرچەند هەوڵماندا ڕێژەی ڕەگەزی نێر و مێ بەهاوسەنگی وەربگرین، بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ کەمێک زیاتر دەرچوو لەبەرئەوەی نموونەی ئێمە ماڵەکان بوون و کەمتر پیاوان لەماڵ بوون بەهۆی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ (وێنەی 2.2). بۆیە (53%)ی پێکهاتەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ و (47%)ی بەشداربووان لە ڕەگەزی نێرن.

وێنەی (2.2) پێکهاتەی رەگەزەکانی نموونەکە



### ٢- گۆڕاوی تەمەن

بۆ ئەوەی وەڵامێکی لۆژیکییانەمان دەست بکەوێت، هەموو پرسیارنامەکانمان بەسەر لێتوێژەرانی سەروو تەمەنی(18) ساڵ دابەش کرد، چونکە لەلایەک تەمەنی یاساییە و لەلایەکی ترەوە ئەم تەمەنە پێگەیشتووە و دەتوانێت بیروڕای خۆی سەبارەت بە یەکە سیاسییەکان بخاتەڕوو. هەرچەند بۆ لێتوێژەر پۆلێنی تەمەنەکان نەکراوە و هەریەکە و تەمەنی خۆی نوسی، بەڵام دواتر تەمەنەکانمان دابەشی سەر سێ ئاست کرد[١٠] (وێنەی 3.2). زۆرینەی بەشداربووان کە بریتیبوون لە (54%)، لە

چینی گەنجان بوون و دوای ئەمانیش ڕێژەی کامڵبوان 35% بوو، هەروەها (11%)ی وەڵامدەرەوەکان چینی پیران بوون.




### ٣- ئاستی خوێندن

تەنها (6%)ی لێتوێژەران کەسانی نەخوێندەواربوون[١١]، سەرووی (94%)ی بەشداربووانی نموونەکە کەسانی خوێندەوار بوون (وێنەی 4.2). بەشدارپێکردنی کەسانی نەخوێندەوار بۆ ئەو مەبەستە بوو کە ئەمانیش وەکو هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە مافی دەربڕینی بیروڕای تایبەتی خۆیان هەیە و ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەستگاکانی حکومەت دەبنەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی تایبەتییان نەیانتوانیوە بخوێنن، هەروەها ڕێژەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی کوردستان پێکدەهێنن. بەرزترین ڕێژەی بەشداربووان خاوەن بڕوانامەی دبلۆم بوون واتە (27%)یان پەیمانگەیان تەواو کردووە. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریوس و بڕوانامەی ئامادەیی هاوسەنگ بوو کە بۆ هەریەکەیان (17%)ە. گرووپی ئامادەییەکان زۆربەیان قوتابی زانکۆ بوون. بەهەمان شێوە بەشداربووانی خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا هەریەکەیان(1%)ی نموونەکە پێکدەهێنن. بەشداربووان بە ڕێژەی (18%)ی ناوەندی و(13%)ی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی بەشداری وەڵامەکانیان کردووە. دواتر ئێمە بۆ ئاسانکاری بەستنەوەی ئەم گۆڕاوانە بەهەر یەک لە تەوەرەکانی متمانە و دەرخستنی جیاوازییان، ئەمانەمان دابەشی سەر سێ ئاست کرد[١٢].




## ٤- باری کۆمەڵایەتی

هەرچەنـد نموونەکـەی ئێمـە هەرەمـەکی بـوو، بـەڵام (77%)ی لێتوێژەران خێزانداربوون کە ئەمەش گرنگی تایبەتی بۆ تێزەکەی ئێمە هەیە لەبەر ئەوەی ئەم چینە زیاتر ڕووبەڕووی یەکە خزمەتگوزارییەکان دەبێتـەوە (وێنـەی 5.2). ڕێـژەی ئەوانـەی بەپرۆسـەی هاوسـەرگیریدا تێپەڕبوون و دواتر جیابوونەتـەوە تـەنها (2%)بـوو. هـەروەها (21%)ی ئەندامان چینی سەڵت بوون.




## ٥- کار و پیشەی لێتوێژەران

هەشت ئاستی جیاوازی کارکردنمان خستە بەردەستی بەشداربووان (وێنـەی 6.2). بـەرزترین ڕێـژە (32%) بریتیبـوو لـە ئافرەتـانی مـاڵ کـە زۆربـەیان خوێنـدەوار بـوون. فەرمانبـەرانی مـەدەنیی حکـومی (21%) و

فەرمانبەری سەربازیی فەرمی تەنها (%4) بوون. ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کاردەکەن ڕێژەکەیان تەنها (%2)ە. خاوەنکارانی تایبەت (%20)ی لێتوێژەران بوون کە بریتبوون لە دوکانداران یان کارەکانی تری تایبەتی هەمەچەشن. کرێکاران (%7)و بێکاران (%11)ن. خانەنشینان تەنها (%3)ی بەشداربووانن.



وێنەی (6.2) کارو پیشەی لێتوێژەران

## ٦- شوێنی دانیشتنی ئێستا

زیاتر لە سێ ملیۆنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەناو شارەکانن و لەوێشدا بەهۆی ئامارەکانی تەمەنی سەروو (18)ساڵی، بەرکەوتەی زیاتری توێژینەوەکە خەڵکی قەزای ناوەندی شارەکان بوون کە بریتیبوون لە (%81). هەروەها (%19)ی بەشداربووانی دانیشتوی قەزا گەورەکانی دەرەوەی ناوەندی شاربوون (وێنەی 7.2).



وێنەی (7.2) شوێنی دانیشتنی ئێستای بەشداربووان

### ٧- خاوەندارییەتی شوێنی نیشتەجێ بوون

ڕێژەی (74%)ی ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە خانوو یان ئەپارتمانەکەیان موڵکی تایبەتی خۆیانن و( 18%)یان کرێچی بوون (وێنەی 8.2). ئەوانەی لە خانووی حکومی بوون تەنها (2%)بوون. خەڵکێک بەهۆکاری جیاجیا لەخانووی ماڵی باوکی یان کەسی نزیک لەخۆی بەشداربوو کە ڕێژەکەیان تەنها (6%)بوو.




### ٨- باری ئابووریی بەشداربووان

هەموو ئاستەکانی ئابووری بەشداربوون. زیاتر لەنیوەی بەشداربووان باری ئابوورییان مام ناوەند بوو. تەنها (2%)یان خۆیان وەکو باری ئابووری زۆرباش ناساند، لە بەرانبەردا (6%)یان بە ئابووری زۆر خراپ. ڕێژەی(25%) بە خاوەن ئابووری خراپ و(10%)یان بە ئابوورییەکی باش خۆیان تۆمار کرد (وێنەی 9.2).




## خشتەی (2.2) متمانەی خەڵک بە حکومەت نیشان دەدات

| ژ | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (T)ی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| 1 | حکومەت توانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ خەڵک دابین بکات. | 2.81 | 1.550 | 3 | -2.516 | 1.64 | .012 |
| 2 | حکومەت توانیویەتی کەرتی پەروەردە پەرەپێ بدات. | 2.59 | 1.555 | 3 | -5.305 | 1.64 | .000 |
| 3 | حکومەت توانیویەتی ئاسایش و ئارامی بۆ کۆمەڵگە دابین بکات. | 3.83 | 1.385 | 3 | 11.910 | 1.64 | .000 |
| 4 | حکومەت نەیتوانیوە کارەبای پێویست بۆ خەڵک دابین بکات. | 2.30 | 1.542 | 3 | -9.048 | 1.64 | .000 |
| 5 | توانراوە ئاوی پێویست و پاک دابین بکرێت. | 3.38 | 1.529 | 3 | 4.972 | 1.64 | .000 |
| 6 | حکومەت ڕێگاوبانەکانی بەگوێرەی پێویست دروست کردووە. | 3.15 | 1.539 | 3 | 1.949 | 1.64 | 052 |
| 7 | سیاسەتی کەمکردنەوەی بێکاری حکومەت سەرکەوتوو بووە. | 2.09 | 1.479 | 3 | -12.371 | 1.64 | 000 |
| 8 | گەندەڵی کارگێڕی و دارایی زۆربەی جومگەکانی حکومەتی گرتۆتەوە و | 1.72 | 1.364 | 3 | -18.733 | 1.64 | 000 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەمـەش هۆكـاری سـەرەكی دابەزینی متمانەیە. | | | | | | |
| 9 | دانـانی بەرپرسـەكانی داوو دەســـتگا حكومییەكـــانی لەســەر بنـەمای توانـایی و لێهاتوویی كەسەكان نیە. | 1.69 | 1.213 | 3 | -21.556 | 1.64 | 000 |
| 10 | بەرپرســـە حكومییەكـــان بەرژەوەندیـە تایبەتیـەكانیان بە پێش بەرژەوەندیی گشتی دەخەن. | 1.61 | 1.136 | 3 | -24.466 | 1.64 | 000 |
| 11 | متمانـــەم نیــە ئـەو بــاج و داهاتـــەی دێتــە دەســت حكومـەت بۆ خزمـەتگوزاری و پێشخســـتنی كۆمەڵگـــە خەرج بكرێتەوە. | 1.80 | 1.292 | 3 | -18.576 | 1.64 | 000 |
| 12 | حكومــــەت ســـەركەوتوو نەبووە لەپارێزگاری لە مافی هاوڵاتیــان بەرانبــەر بــە كۆمپانیاكــانی خانوبــەرە و وەبەرهێنەكان. | 1.85 | 1.230 | 3 | -18.739 | 1.64 | 000 |
| 13 | هێـزە چەكـدارە فەرمیـەكان بڕیارەكـــانی دادگاكـــان بەتەواوی جێ بەجێ ناكەن. | 2.24 | 1.407 | 3 | -10.835 | 1.64 | 000 |
| 14 | متمانـەم نیە هێزە چەكدارە فەرمیـــەكان پارێزگـــاری لەمافەكانم بكەن. | 2.61 | 1.508 | 3 | -5.205 | 1.64 | 000 |
| 15 | ئینتیمـــای هێــزە چەكــدارە فەرمیـەكان بـۆ حیزبـە نـەك حكومەت. | 1.87 | 1.312 | 3 | - 17.191 | 1.64 | 000 |
| 16 | هێـزە چەكـدارە فەرمیـەكان بەگشـتی بەئـەركی یاسـایی خۆیان هەڵناستن. | 2.49 | 1.456 | 3 | -7.005 | 1.64 | 000 |
| | بەهای (t)ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (399) ئاستی گومانی (0.05) = (1.64) | | | | | | |

لەناو ئەم تەوەرەیەشدا، بە پێوست زانرا کە ئەو پرسیارانەی دەچنە چوارچێوەی سیاسەتی جیاوازی حکومەت، لەیەکتر جیابکەینەوە، بۆیە سەرەتا بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەدای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی حکومەت و هەڵسەنگاندنیان لەلایەن هاوڵاتییان دەست پێ دەکەین:

## ١- متمانەی هاوڵاتییان بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی حکومەت

لەناو خزمەتگوزارییەکان دەرفەت نەبوو پرسیار لەبارەی هەموویان بکرێت بۆیە هەوڵماندا خزمەتگوزارییە سەرەکی و گرنگەکانی وەکو تەندروستی، پەروەردە، ئاو، کارەبا، ڕێگاوبانەکان، هەلی کار و پاراستنی مافی هاوڵاتیان بخەینەبەر ڕاپرسی و متمانەی هاوڵاتییانیش سەبارەت بەهەریەک لەمانە بزانین.

تەندروستی وەکو بنچینەییترین پێداویستی مرۆیی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو هاوڵاتییان پێویستییان بەم کەرتە هەیە. لەبەر ئەوەی کە حکومەت کاری زۆری کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییەکان و پێشکەشکردنی ئەم پێداویستییانە بەبێ بەرانبەر (بەخۆڕایی) لەدەرمان، بینینی نەخۆش لەلایەن دکتۆرەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان و چارەسەری نەخۆش بە دەرمان و بە نەشتەرگەری بەخۆڕایی، بۆیە دەکرێت بڵێین سەرەڕای ئەوەی بە ڕێژەی (2%) دەنگی ناڕازی زیاترە، بەڵام متمانەی خەڵک بە کەرتی تەندروستی تاڕادەیەک هاوسەنگ بوو. واتە (46%) ی هاوڵاتییان متمانەیان هەیە و (48%) یان بەتەواوی متمانە بەم کەرتە ناکەن (وێنەی 10.2). بەهەمان شێوە بەسەرنجدان لە خشتەی (2.2)دەبینین کە ناوەندی سەنگراو بە پلەی (2.81) و لادانی پێوەری (1.550) بە ڕێژەیەکی کەم لە ناوەندی گریمانەیی (3) کەمترە. لێرەدا لەبەرئەوەی (P. Value) بە ڕێژەی (0.12) گەورەترە لە ئاستی دەلالەتی (0.05)، بۆیە جیاوازییەکە ئاماژەداری ئاماریی نییە.

وێنەی (10.2) حکومەت توانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ خەڵک دابین بکات




بەهەمان شێوەی خزمەتگوزاریی پێشوو، کەرتی پەروەردە هەر لە قۆناغی دایەنگەوە هەتاوەکو خوێندنی دکتۆرا لە هەرێمی کوردستان بەخۆڕاییە[١٣]، ئەمە جگە لەوەی بەشە ناوخۆیی و چەندین پێداویستی تر لە هەرێمی کوردستان بۆ قوتابییان دابین کراوە. حکومەت خەرجی زۆری لەم کەرتە کردووە و هەوڵی پەرەپێدانی دەدات، بەڵام سەبارەت بە پەرەپێدانی ئەم کەرتە، زیاتر لە نیوەی هاوڵاتییان ڕازی نین لە سیاسەتی حکومەت لەکەرتی پەروەردە و تەنها (36%) یان متمانەیان هەبووە (وێنەی 11.2). لێرەدا هەرچەند ئاستی بەڵگەداری ئاماژە دەکات بۆ جیاوازیی نێوان بەهای سەنگکراو بە ڕێژەی (2.59) بەلادانی پێوەری (1.555) لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی 3، بەڵام جیاوازییەکە کەمە بەم شێوەیە (خشتەی 2.2).




وێنەی (11.2) حکومەت توانیویەتی کەرتی پەروەردە پەرەپێ بدات

بەپێچەوانەی دوو خزمەتگوزاریی پێشوو، زیاتر لەنیوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان متمانەی بە حکومەت کردووە و ڕازین لەدابینکردنی ئاوی پێوست و پاک (وێنەی 12.2). لەبەرانبەردا (31%) یان بەهۆی کەم ئاوی بەتایبەت لەوەرزی هاوین و گەرما ڕازی نین لە ئەدای حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاو. لەم برگەیەدا بەهای دەرهێنراوی تی گەورەترە لە بەهای خشتەیی و بەهای سەنگکراویش بەکێشی (3.38) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی تێزەکە (خشتەی 2.2)، لەسەر ئەم بنەمایە خەڵک تاڕادەیەکی باش لە ئەدای حکومەت بۆ ئەم خزمەتگوزارییە سەرەکییە ڕازین.




وێنەی (12.2) توانراوە ئاوی پێویست و پاک دابین بکرێت

هەمیشە خەڵک لە هەرێمی کوردستان کێشەی کارەبای هەبووە و کابینە یەک لەدوای یەکەکان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە چارەسەری

کێشەی کارەبا بکەن، بۆیە خەڵک بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بێ متمانەیی خۆیان بەرانبەر بە حکومەت لەم بارەوە خستەڕوو. لێرەدا بەهای خشتەیی گەورەترە لە بەهای دەرهێنراو و بەهای سەنگکراویش دەکاتە (2.30) کە ئەمیش بچوکترە لە بەهای گریمانەیی، کەواتە خەڵک نیگەرانە لە چۆنیەتی ئەدای حکومەت لەم ڕووەوە (خشتە 2.2). ئەگەر بەشێوەی سەدی تێی بڕوانین ئەوا (61%)ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە کەرتی کارەبا و لە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە ڕازی نین. تەنها (17%)ی خەڵک متمانەی تەواوی هەبووە بە ئەدای حکومەت بۆ ئەم خزمەتگوزارییە کە ئەمەش سەرکەوتوو نەبوونی ئەدای دەستگا جێبەجێکارەکانی ئەم پێداویستییە گشتییە لەناو حکومەت نیشان دەدات (وێنەی 13.2).

وێنەی (13.2) حکومەت نەیتوانیوە کارەبای پێویست بۆ خەڵک دابین بکات




سەبارەت بەخزمەتگوزاریی ڕێگەوبانەکان و هاتوچۆ، بە ڕێژەیەکی یەکسان خەڵک دابەش بوون لەنێوان متمانەکردن و متمانە نەکردن بەم کەرتە. لێرەدا هەرچەند بەهای ناوەندی سەنگکراو (3.15) بە ڕێژەیەکی کەم بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی (3)، بەڵام ئاستی بەڵگەداری ( P. Value) بە ڕێژەی (.052) ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی ئاماری لەنێوانیان (خشتەی 2.2). هەروەکو لە وێنەکەدا (وێنەی14.2) دیارە، (46%)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان متمانەی لەمڕووەوە بە حکومەت

هەیە، ڕێک (46%) یان متمانەیان نەکردووە بەدەستگا جێبەجێکارەکانی ئەم بوارە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە حکومەت ئەگەرچی داهاتێکی زۆری خەرج کردووە لەبواری دروستکردنی شەقام و ڕێگاوبانەکانی ناو گەڕەکەکان و شارەکان و پێکەوەبەستنەوەیان و چەندین کاری تری لەم شێوەیە، بەڵام بەهۆی قەیرانە داراییەکان و جەنگ و بارگرانییەکانی تر لەسەر حکومەت ئەم کەرتە لاواز بووە لەبوژانەوە و ئەمەش کاریگەریی خستۆتە سەر هاوڵاتییان بۆ دابەزینی متمانەیان بەم خزمەتگوزارییە.

وێنەی (14.2) حکومەت ڕێگاوبانەکانی بەگوێرەی پێویست دروست کردووە




ئاستی بەڵگەداری (.000) جیاوازییەکی ئاماری دەخاتەڕوو بە پێچەوانەی ئەو بڕگەیەی پێی وایە حکومەت سەرکەوتووبووە لە دابینکردنی هەلی کار. بۆیە ناوەندی سەنگکراو بە ڕێژەی (2.09) لەخوار گریمانەی بڕگەکەیە (خشتەی 2.2) و بەوەرگرتنی پێوەری سەدی (59%)ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بەتەواوی متمانەی بە حکومەت نییە بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خەڵک و کەچی تەنها (11%)کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە باوەڕیان بە سیاسەتی حکومەت هەبووە لە ڕوانگەی دۆزینەوە و دابینکردنی هەلی کار بۆ هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان (وێنەی 15.2). لەلایەکی ترەوە، (12%) یان تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەن کە حکومەت لەم بارەوە سەرکەوتوو بووە، بەڵام لەبەرانبەردا (9%) تاڕادەیەک لەگەڵ ئەوەنەبوون سیاسەتی حکومەت سەرکەوتوو بێت.

بەگشتی تەنها (20%)ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لەم ئەدایە ڕازین و ڕێژەیەکی زۆر بەرزیان کە دەگاتە زیاتر لە (68%) خەڵکی هەرێم پێیان وانییە سیاسەتی کەمکردنەوەی بێکاری حکومەت سەرکەوتووبوو بێت.

وێنەی (15.2) سیاسەتی کەمکردنەوەی بێکاری حکومەت سەرکەوتوو بووە




لەچەند ساڵی رابردوودا بەسەدان کۆمپانیای خانوبەرە و وەبەرهێنان هاتنە هەرێمی کوردستان و بەسوود وەرگرتن لەیاسای وەبەرهێنانی ساڵی (2006) کاری وەبەرهێنانیان کرد، بۆیە حکومەت بەرپرسە لەهێنان، کارکردن و مامەڵەی نێوان خەڵک و ئەو کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیانە لەهەرێمی کوردستان. لەڕاپرسیەکەی ئێمە دەرکەوت کە خەڵک متمانەی بەحکومەت نیە لەم بارەوە و پێیان وانیە حکومەت سەرکەوتووبوبێت لەپاراستنی مافی هاوڵاتیان بەرانبەر بەو وەبەرهێنانە. ئەوەتا (58%) خەڵک بەتەواوی و (19%) یان تاڕادەیەک ئەم بۆچوونە پشتراست دەکەنەوە و پێکەوە بەرێژەی (77%) ی خەڵکی هەرێمی کوردستان پێیان وانیە حکومەت بتوانێت پارێزگاری لەمافە یاسایی و ڕەواکانیان بکات بەرانبەر بەکۆمپانیاکانی خانووبەرە و وەبەرهێنان (وێنەی 16.2). تەنها (13%) ی خەڵک ڕای وابووە حکومەت پارێزگاری لەمافەکەی کردووە لەمبارەیەوە. بەهەمان شێوە بەهای ناوەندی سەنگکراو بریتیە لە (1.85) کە ئاستێکی نزمی متمانەیەی سیاسی نیشان دەدات بۆ ئەم پرسە (خشتەی 2.2).

وێنەی (16.2) حکومەت سەرکەوتوو نەبووە لەپارێزگاری لە مافی هاولاتیان
بەرامبەر بە کۆمپانیاکانی خانوبەرە و وەبەرهێنەکان




نوخبـەی هـەرێمی کوردسـتان پێیـان وانییـە کـە حکومـەت لـە ئـەدای خزمەتگوزارییــە گشــتییەکان ســەرکەوتووبوو بێــت و جێگــەی متمانــەی سیاسی خەڵک بێت. لەبەر چەند هۆکارێک:

**یەکــەم**: بــێ بەرنامــەیی حکومــەت لــە گەشەســەندنی سیســتەمی خزمەتگوزارییـــــەکان. پ. د. دلاوەر عەلائـــــەددین دوای لێکۆڵینـــــەوە لە سێکتەرەکانی حکومەت بڕوای ئەوەی لەلا دروستبووە کە بەبێ پلان خزمەتگوزارییەکان دەنێردرێن. "*بۆنموونـە شـەقامێک دروست دەکرێت و دواتر چەندین جار هەڵدەدرێتەوە بۆ ڕاکێشانی ئاوەڕۆ، کێبڵی ئەنتەرنێت و کارەبا و چەندین مەبەستی تر. ئەمە وای کردووە حکومەت پارەیەکی زۆر خـەرج بکـات، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بـێ پلانـە، نـە کارەکـان بەتـەواوی بەجێگەیەنراون و حکومـەتی سـەربەرز کـردووە و نـە خـەڵکیش ڕازییە و متمانەی هەیە. لێرەدا نەبوونی هەماهەنگی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لەیــەکتر ئــەم کێشــەی ناوەتــەوە*". عــەلادین هۆکــاری بــێ ســەروبەری خزمەتگوزارییـەکانی گەڕاندووە بۆ بێ ئاگایی دامەزراوەکان لـەکارەکانی یەکتر، "*بەشێوەیەکە کە هەریەک لە وەبەرهێنان، شـارەوانی ناوەندی شار، قـەزا، ناحیـە و ئینجا کارەبا، ئـاو و ئـاوەڕۆ و ...هتـد، هەریەکـەو سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتییەکە*".

**دووەم**: ئـەم خزمەتگوزارییانـە نەبوونەتـە هۆکـاری هێنانەکایـەوەی دەوڵـەتێکی خۆشـگوزەران. بـەبڕوای د. عـادل باخـەوان و مەسـعود عەبدولخالق هیچ کام لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە هەرێم بەباشی بەرجەستە نییە، لە کاتێکدا چینێکی تری بەرزی کۆمەڵایەتی هەیە خاوەن باشترین خزمەتگوزارییەکانە. باخەوان لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی بە دەرئەنجامێک گەیشتووە کە تاکێکی ئاسایی هەتاوەکو (٣٦٣) ساڵی تر کاربکات ئینجا دەبێتە خاوەن داهاتێک وەک کەسانی سەروو دەتوانێت ئەم خزمەتگوزارییانە بەرجەستە بکات.

**سێیەم**: لێکتێنەگەیشتنی خەڵک و حکومەت بۆ خزمەتگوزارییەکان. عەبدولسەلام مەدەنی ئەمەی بەیەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان هەژمار کرد. پێی وابوو کە "*حکومەت کار دەکات بێ ئەوەی بیر لە ئەولەویەتی خزمەتگوزارییەکانی خەڵک بکاتەوە یان کاتێک بودجە تەرخان دەکات دەبێت هەر لە سەرەتاوە لێکتێگەیشتن هەبێت، چونکە لە هەرێم خەڵک نازانێ حکومەت چۆن و بۆچی ئەو کارە دەکات. ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی بەردەوام خەڵک لە کۆبوونەوە (مجلس)ی کۆمەڵایەتی گلەیی بکات و بێ متمانەبێت، لەبەر ئەوە حکومەتی بەرپرسیار ( Responsible Government) دەبێ کەناڵی فەرمی هەبێت بۆ ئەم لێکتێگەیشتنە*".

**چـوارەم**: حکومـەت هـەمان ئـەو بەرنامەیـە جێبـەجێ ناکـات کە لە پەرلەمان بۆ چوار ساڵی کابینەکەی دەیخاتەڕوو. عەبدولڕەحمان سەدیق بە وردی بەراوردی بەنامەکانی کابینەکانی کردووە لەگەڵ بواری پراکتیزەکردنـی، بـۆی دەرکـەوتووە کـە زۆربـەی جـار حکومـەت لەبـەر هۆکاری خودی و بابەتی نەیتوانیوە بەرنامەکەی جێبەجێ بکات.

**پێنجەم**: پەیوەست بوونی خزمەتگوزارییەکان بەکەسایەتییەکانەوە. د. محمـود عوسـمان وای دەبینـی کـە جـۆری پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـەکان دەوەسـتێتە سـەر کەسـایەتییەکان، ئەگـەر کەسـێکی

بەهێز بەرپرسی حکومەت یان دەستگایەک بێ ئەوا خزمەتگوزاریی باشتر بەدی دێت. واتە لە هەرێم دامەزراوەکان پەیوەستن بە هێزی کەسایەتییەکان لەناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت. لێرەدا تەنها د. محمود عوسمان پێی وابوو کە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی باشدان بەتایبەت ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ ئەوانەی بەغداد.

**٢- متمانە بە سیستەمی ئاسایش و هێزە چەکدارە فەرمییەکان**

بەپێچەوانەی متمانە بە هێزە چەکدارە فەرمییە جیاجیاکان کە دواتر باسیان دەکەین، خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕووی دابینکردنی ئاسایشی وڵات سەرکەوتوو بووە.

ناوەندی سەنگکراوی ئەم بڕگەیە (3.83) بەرزترە لەناوەندی گریمانەیی (3) هەروەها بەهای دەرهێنراوی تی بریتییە لە (11.910) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.64) و (P. Value) ەکە ئاماژەدارە بەوەی کە جیاوازی هەیە و ئەم جیاوازییەش بۆ بەها سەنگگراوەکە دەگەڕێتەوە، چونکە گەورەترە لە بەهای گریمانەیی (خشتەی 2.2)، بۆیە بەسەرنجدان لە وێنەی ژمارە (17.2)، بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵک لە سیستەمی دابینکردنی ئاسایش ڕازییە کە بەتێکڕای پشتگیری تەواوەتی و تاڕادەیەک لەگەڵ بوون ڕێژەی (71%)ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان متمانە بە حکومەت دەکەن لە دابینکردنی ئاسایش، ئارامی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا (12%)ی هاوڵاتییان هیچ متمانەیەکیان بە سیستەمی ئاسایشی وڵات نییە و (9%) یان تاڕادەیەک لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕانین کە حکومەت ئاسایشی بۆ کۆمەڵگە دابین کردبێت. (8%)ی هاوڵاتییان نەیانتوانیوە هیچ هەڵوێستێک دەربڕن جا لەبەر ترس بێ لە لێپرسینەوەیان یان لەبەر دوو دڵی بێ لە دەربڕینی هەڵوێستیان

سەبارەت بەم پرسە. بەگشتی نزیکەی سێ لەسەر چواری هاوڵاتییانی هەرێم متمانە بە سیستەمی ئاسایش دەکەن.

وێنەی (17.2) حکومەت توانیویەتی ئاسایش و ئارامی بۆ کۆمەڵگە دابین بکات




یەکێک لە هۆکارەکانی متمانەکردن و ڕازی بوون بە سیستەمی ئاسایشی، بەڵام بە پێچەوانەوە متمانە نەکردن بەهێزە چەکدارە فەرمییەکان بریتییە لەوەی, خەڵک پێیان وایە ئەم هێزە چەکدارە فەرمییانە لەپێناو بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان بەرگری لە ئاسایشی وڵاتان دەکەن, نەوەکو خەڵک بەگشتی، چونکە وەکو لە خشتەی (2.2) و وێنەی (18.2) دا دەبینرێت زیاتر لە (77%) ی خەڵک ڕایان وایە کە هێزە چەکدارە فەرمییەکان ئینتیمابوونیان بۆ پارتە سیاسییەکانیان بەپێش ئینتیما بۆ وڵات یان جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا فەرمییەکانی نیشتیمانی دەخەن. واتە جموجۆڵی ئەم هێزانە و جڵەوی بەڕێوەبردنی هێزە چەکدارەکان بە دەستی پارتە سیاسییەکانە و هێشتا ئەم هێزانە بە حەقیقی بەدامەزراوەیی نەکراون. تەنها (15%) ی هاوڵاتییان بە بەهای ناوەندی سەنگکراوی (1.87) تاڕادەیەک و بەتەواوی ئەو بۆچوونەیان ڕەتکردۆتەوە و متمانەی بەم هێزە فەرمییانە هەیە.




بەهای (P. Value) بە ڕێژەی (.000) ئاماژەداری ئامارییە بۆ جێبەجێ نەکردنی تەواوەتی بڕیارەکانی داداگاکان لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە، لێرەدا بەهای سەنگکراوی (2.24) بەلادانی پێوەری (1.407) بچووکترە لە ناوەندی گریمانەیی (3) (خشتەی 2.2)، بۆیە لە وێنەی ژمارە (19.2) لە کۆی (400) بەشداربوو تەنها (21%) یان باوەڕیان وابووە کە ئەم هێزانە بڕیارەکانی دادگاکان جێبەجێ دەکەن. لە بەرانبەردا قەبارەیەکی گەورەی ئەو لێتوێژەرانە دەبینین کە بەگومانەوە دەڕواننە ئەو هێزانە, (67%) ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بۆیە متمانە ناکەن بەم هێزانە، چونکە پێیان وایە بڕیاری دادگاکان بەتەواوی جێبەجێ ناکەن.



بە لای (61%)ی هاوڵاتییانەوە ئەم هێزانە لە کاروبارەکانی وڵاتدا بە ئەرکی یاسایی و فەرمیی خۆیان هەڵناستن و تەنها (26%)ی خەڵک پێیان وایە هێزە چەکدارە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هەست بە بەرپرسیارەیەتیی یاسایی دەکەن (وێنەی 20.2). بێگومان ئەم جیاوازییە گەورەیە ئاماژەیە بۆ هۆکارەکانی لاوازبوونی متمانەی خەڵک بۆ هێزی سەربازی و چەکداری فەرمیی هەرێمی کوردستان، چونکە لە ناوەندی سەنگکراوی (2.49) بەهایەکی کەمی متمانە دەبینین بە بەراورد بە ناوەندی گریمانەییمان (خشتەی 2.2).

وێنەی (20.2) هێزە چەکدارە فەرمیەکان بەگشتی بەئەرکی یاسایی خۆیان هەڵناستن




لە دوایین پرسیاری توێژینەوەکە سەبارەت بە متمانەی هاوڵاتییان بەم هێزانە دەردەکەوێت کە خەڵک بە ڕێژەیەکی کەم کە تێپەڕناکات لە کێشی (2.61) متمانەیان بەم هێزانە هەیە (خشتەی 2.2)، لە بەرانبەردا (57%)ی هاوڵاتییان متمانەیان بەهێزە چەکدارە فەرمییەکان نییە کە بەرگری لەمافە ڕەواکانیان بکەن و بتوانن بیانپارێزن (وێنەی 21.2). (20%)ی هاوڵاتییان بڕوایەکی تەواو و (11%)یان تاڕادەیەک متمانەیان هەیە, کە ئەم هێزانە مافەکانیان بپارێزن کە پێکەوە دەکاتە (31%)، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە متمانە بە هێزە چەکدارەکان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی (50%) دابەزیوە, ئەگەر بەراوردی ئەم داتا نوێیەی سەرەوە بکەین لەگەڵ ڕێژەی ئەو متمانەیەی پەیمانگەی

کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان دەستی کەتووە سەبارەت بەهەمان برگە لەسالآنی (2012 و 2013) (خلیل، محمد، جوزل، 2013، ل162).

وێنەی (21.2) متمانەم نیە هێزە چەکدارە فەرمیەکان پارێزگاری لەمافەکانم بکەن




بەسەرنجدان لە تەواوی پرسیارەکانی تایبەت بە ئاسایش و هێزە چەکدارەکان دەردەکەوێت کە لە کۆی هەموو پرسیارەکان بەنزیکی (10%)ی هاولآتییان هیچ هەڵوێستێکیان دەرنەبڕیوە سەبارەت بەم پرسە و ئەمەش وەکو باسمان کرد دەکرێت لەبەر ترس لەخۆیان یان متمانە نەکردن بێت بە ئێمە. بەگشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرز متمانەی نییە بەهێزە چەکدارە فەرمییەکان، بەڵام وای دەبینن سیستەمی دابینکردنی ئاسایش لەلایەن حکومەت بەگشتی سەرکەوتوو بووە.

هاوڕایی هەبوو لەنێو نوخبەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەوەی هێزە چەکدارە فەرمییەکان ئینتیمای پارتەکەیان بە پێش ئینتیمای نیشتیمانی خستووە و هۆکاری ئەمەشیان بەستەوە بە بەدامەزراوەیی نەکردنی هێزە چەکدارە فەرمییەکان. د. عادل باخەوان دەڵێت "*بەپێی ئەو داتایانەی ئێمە لەبەردەستمانە، هەرێمی کوردستان (168) هەزار پێشمەرگەی هەیە، لەم ڕێژەیەدا تەنها (25%)ی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن، ئەوەی تر سەر بەپارتی و یەکێتین، تۆ ئەگەر بتەوێت دەوڵەتی یاسا دروست بکەی، چۆن دەبێت پارتی سیاسی*

*سەربازی هەبێت، هەر پێشمەرگەیەک لە دەرەوەی حکومەتی هەرێم بێت میلیشیایە ئیتر هی هەر پاتێکی سیاسی بێت*". ئەبوبەکر کاروانی تاڕادەیەک متمانەی بەهێزەکان هەبوو بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات، بەڵام لەبابەتی جێبەجێکردنی یاساکان و بنەماکانی دادپەروەری لەلایەن ئەم هێزانەوە لە ئاستی ناوخۆ متمانەی نەدەما. محمود عوسمان هۆکارێکی تری ئەم کێشەیەی گەڕاندەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی ئەم چەکدارانە کە لە ڕێگەی پشتگیری (تەسکیە)ی پارتەکانەوە دادەمەزرێن، بۆیە ئینتیمای پارتەکە بە پێش ئینتیمای نیشتیمان دەخەن.

پ. د. دلاوەر عەلائەددین پێی وابوو کە هەرچەند ئەم هێزانە نەبونەتە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتی، چونکە تۆ لە زاخۆ تا کەلار دەڕۆی چەکدارێک نایەتە سەر ڕێگەت ئەمە وایکردووە خەڵک باوەڕی وابێ کە ئاسایش لە هەرێم هەیە و لە ناوەڕاست و باشووری عێراق نەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە بەدامەزراوەیی نەکراون، ڕاستە هێشتا سەر بەچەند لایەنێکن و لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دان، بەڵام ئەوە هەتا سەرنابێت و لە قەیرانی سیاسی دوورنییە ئەمانە بخلیسکێن و بەرەو بارودۆخی مەترسیدار بڕۆن.

## ٣- کاریگەریی گەندەڵی لەسەر دابەزینی متمانە

بەهەمان شێوەی وڵاتانی تر، گەندەڵی هەڕەشەیەکی گەورەیە و هۆکاری سەرەکیی دابەزینی متمانەی سیاسیی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانە. بەهای (P. Value) لە خشتەی (2.2) سەبارەت بەم بڕگەیە پێمان دەڵێت کە گەندەڵی گورزێکی کوشندەی لە متمانەی هاوڵاتی بە دەسەڵاتداوە هەر بۆیە کێشی تەنها (1.72)ی بەرکەوتووە بە لادانی پێوەری (1.364) کە ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە.

ئەگەر سەرنج بدەینە وێنەی (22.2)، بۆمان دەردەکەوێت کە گەندەڵی چ کارەساتێکی گەورەیە بۆسەر دابەزینی متمانە و (80%) هاوڵاتییانی

هەرێمی کوردستان هۆکاری دابەزینی متمانەیان بۆ ئەو گەندەڵییە زۆرە گێڕاوەتەوە, کە بەردەوام لەناو دامو دەستگاکانی هەرێمی کوردستان هەبوون و نەتوانراوە ڕێگری لێبکرێت. تەنها (2%) تاڕادەیە لەگەڵ بۆ چوونەکە نەبوون و (12%)یش پشتگیری ڕایەکەیان نەکردووە.

وێنەی (22.2) گەندەڵی کارگێڕی و دارایی زۆربەی جومگەکانی حکومەتی گرتۆتەوە و ئەمەش هۆکاری سەرەکی دابەزینی متمانەیە




ئارانسیبیە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە گەندەڵی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی بەبەراورد بەمتمانەی سیاسی لە وڵاتانی دیموکراسی و پێشکەوتوو (Arancibia, 2008, P.150). ئەو حکومەتانەی کە گەندەڵیی کەمتریان هەیە متمانەی سیاسیان زیاترە ( Rahn and Rudolph, 2005, P. 533), یەکێک لەو هۆکارانەی وایکردووە کە وڵاتانی نۆردیک لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی جیهان بن دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کە ئەم وڵاتانە لەهەمان کات کەمترین ڕێژەی گەندەڵییان لە جیهان تێدایە (Andreasson, 2017, Pp. 17-18). بۆیە پەیوەندییەکی نەرێنی هەیە لەنێوان گەندەڵی و متمانەی سیاسیدا. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە لەهەمان کات گەندەڵیش دەرهاویشتەی کولتووری بێ متمانەییە ( Moreno and Catterberg, 2005, P.42).

نوخبەکان پەیوەندییەکە ڕاستەوانە دەبینین لەنێوان گەندەڵی و متمانەی سیاسی. هەرکات گەندەڵی زیاد بکات بێ متمانەیش زیاد دەبێ و

بەپێچەوانەوەش ڕاستە.  پ. د. دلاوەر عەلائەددین و عەبدولسەلام مەدەنی ڕایان وابوو کە گەندەڵی زەقترین و دیارترین بەڵگەیە کە خەڵک بەهۆیەوە متمانە ناکات، لەگەڵ ئەوەی گەندەڵی لە زۆربەی وڵاتان هەیە، بەڵام بە سیستەم هەوڵی کەمکردنەوە و چارەسەری دەدەن، کەچی لە هەرێمی کوردستان کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان بەشی ئەوە ناکات کە خەڵک چاوپۆشی لە گەندەڵی بکات. عەلائەددین پێی وابوو "*لە هەرێم کێشەکە لەوەدایە خزمەتگوزاری نییە و لەهەمان کات گەندەڵیش هەیە، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی هەرچەندە گەندەڵی هەیە، بەڵام مافە بنەڕەتییەکانی وەکو ئاو، کارەبا، ئازادی هەیە، بۆیە هاوڵاتی لەوێ شەڕی گەندەڵی بەخەمێکی گەورە نازانێ، چونکە هەست دەکات شتەکانی خۆی دەست کەوتووە*".

د. محمود عوسمان بەهۆی ئەوەی زۆربەی تەمەنی لەگەڵ سەرکردەکان و بە پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە شاهیدی ئەوەی دا و گوتی "*کە لەشاخ بوین پێڵاوی لاستیکمان لەپێ بوو، ئێستا کە سەرکردەکان خاوەن ئەو هەموو شتەن چۆن خەڵک متمانە دەکات*". بۆیە پێی وابوو کە گەندەڵی کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر متمانە نەکردن بە سیستەمەکە کردووە.  بەهەمان شێوە د. عادل باخەوان جەختی لەسەر ئەو قەبارە گەورەی گەندەڵی کردەوە کە چۆن متمانەی لەناو بردووە. "*لە هەرشوێنێکی دونیادا گەندەڵی سیستماتیزەکرا متمانەی سیاسی لە دژی ئەو لایەنە لەناو دەچێت، عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ تا ساڵی ٢٠١٨ بڕی (330) ملیار دۆلاری لە گەندەڵیدا ڕۆیشتووە بۆیە هیچ هاوڵاتییەکی عێراقی متمانەی بە دەوڵەتی عێراقی نەماوە* ".

### ٤- متمانە بە خەرجکردنی داهات لەلایەن حکومەت

یەکێک لە پرسیارە جەوهەرییەکانی متمانەی سیاسی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زۆربەی توێژینەوە ئەکادیمییەکانیان بۆ متمانەی سیاسی بریتییە لەوەی, ئایا ئەو باجەی دەیدەیتە حکومەت

متمانەت هەیە لەتۆی خەرج بکاتەوە؟ لێرە لەبەر ئەوەی زیاتر لە ڕێگەی نـەوت، غـاز، گومرگـەکان و بـواری تـر, داهـات دێتـە دەسـت حکومـەت، بە باشمانزانی پرسیارەکە فراوانتر بکەین و جگە لە باج (Tax)، لە دڵنیایی خەرجکرنەوەی داهاتەکانی تریش بپرسین.

لـە وەڵامـی پرسـیارەکەدا هاوڵاتییـان تـەنها کێشـی (1.80) یـان بـەم بڕگەیە داوە بەو واتایەی کە تەنها (15%) ی خەڵک ئەو متمانەی ماوە کە حکومـەت ئـەم کـارە بکـات (خشـتەی 2.2) کـە ئەمـە دەچێتـە پلەبەنـدی متمانـــەی زۆر لاوازەوە. لـــە بەرانبـــەردا نزیکـــەی (80%)ی هاوڵاتییـــان متمانەیان نییە کە ئەو باجەی دەیدەنە حکومەت یان ئەو داهاتە گەورەی حکومەت لە فرۆشتنی سامانە سروشتییەکان دێتە دەستی دواتر لە خەڵکی وڵاتـی خـەرج بکاتـەوە (وێنـەی 23.2). کەواتـە هۆکـارێکی تـری سـەرەکی لـەپاڵ گەنـدەڵی بـۆ دابـەزینی متمانـەی سیاسـی بریتییـە لـە دڵنیانـەبوونی خـەڵک لـە سیسـتەمی دابەشـکردن و بەخشـینەوەی داهـات بەسـەر خـەڵک بەگوێرەی ئەو برەی دێتە دەست.

وێنەی (23.2) متمانە نیە ئەو باج و داهاتەی دێتە دەست حکومەت بۆ خزمەتگوزاری و پێشستنی کۆمەڵگە خەرج بکرێتەوە




هـیچ کـام لـە ئەنـدامانی نوخبـە متمانـەی نـەبوو بـەوەی ئـەو باجـەی دەیداتە حکومەت، دواتر حکومەت لەوی خەرج بکاتەوە. د. عـادل باخـەوان، پ.د. دلاوەر عەلائەددین، عەبدولڕەحمان سەدیق، عەبدولسەلام مەدەنی، د.

محمود عوسمان، بەدران حەبیب و د. محمد بازیانی جەختیان لەسەر نەبوونی شەفافیەت کردەوە لەم کەرتە.

باخەوان ڕای وابوو کە "*لەبەرئەوەی گەندەڵی سیستماتیزەکراوە و بۆتە کولتوور، بۆیە زۆر ئەستەمە حکومەت بەدەستی ڕاستی باج وەربگرێت و بەدەستی چەپ بیداتەوە. بۆ نموونە ئەندامێکی چینی ناوەڕاستی فەڕەنسی کە مانگانە (4000) یورۆ وەردەگرێت، (1500)ی بە باج ئەداتەوە بە پێی مانگانە، بەڵام ئەزانێ ئەمە بەخۆشحاڵییەوە دەچێ بۆ تەندروست بوونی ئەو و بەشێکی بۆ خانەنشین بوون و بەشێکی بۆ بیمەی کار*". مەدەنی نموونەیەکی هاوشێوەی باخەوانی هێنایەوە *لە فللەندا جاری وا هەیە باج دەگاتە پەنجا لەسەد، بەڵام خەڵک پێی دڵ خۆشە، چونکە دەزانێ لەو خەرج دەکرێتەوە*". عەلائەددین لای وابوو "*ئەو باج و ڕوسماتەی تۆ دەی دەی لەبەر ئەوەی بە ستراتیژێکی ڕوون نییە و بەرچاوڕوونی نییە لەلای هاوڵاتی و نازانێ بۆ ئەوەندە دەدات و ئەوەی دەیدا چی بەسەر دێت، لە ئەنجامی ئەو ناشەفافییەتە و ناکارایی لە سیستەم وایکردووە کە هاوڵاتی متمانەی نەبێت بەوەی کە ئەو باجەی دەیدات بەخێری ئەو و بازاڕ دەگەڕێتەوە*".

لەلایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی وڵاتێکی بەرخۆری (ریعی) نەوتین، چەمکی باج تازە ئاشنا دەبێت بە حکومەت و خەڵک لە هەرێم، عەبدولسەلام مەدەنی ئەمەی گەڕانەوە بۆ سیستەمی بەرخۆری نەوتی و پێی وابوو "*هەتاوەکو قەیرانەکان گەورەنەبوون حکومەت پێویستی ئەوتۆی بە باج نەبوو، تازە دەیەوێت لاسایی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکاتەوە، لەکاتێکدا خەڵک باج نادات، چونکە پێیان وایە حکومەت لەوی خەرج ناکاتەوە*". بەبڕوای عەلائەددین "*حکومەتی هەرێم خۆشی دەزانێ کە سیستەمەکەی هێشتا گەشەی نەکردووە و هێشتا شەفاف نییە لەبەر ئەوەی کاریگەر نەبووە لەوەی داهات بە بەرزترین ئاست پەیدا بکات و بیگوازێتەوە و خەرجکردنەکەی بەپێی بەرنامە بێت*".

## ٥- متمانەی هاوڵاتییان بە بەرپرسانی حکومی

بە دەگمەن خەڵک متمانە بەبەرپرسانی حکومی لە هەرێمی کوردستان دەکات. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بێ متمانەییە دەگەڕێننەوە بۆ دانەمەزراندنی کەسانی لێهاتوو و بەتوانا لەکارە پسپۆڕییەکان لەناو دامودەستگاکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەدای باشی حکومەت نیشان بدات و جێگەی متمانە و ڕەزامەندی هاوڵاتییان بن. کێشی سەنگکراوی (1.69) لە خشتەی (2.2) بۆ ئەم برگەیە دەچێتە چوارچێوەی پلەبەندیی کەمترین متمانە وەکو لە بەشی پێشوو خراوەتەڕوو. بۆیە لەوێنەی (24.2) بەڕوونی دەبینین کە زیاتر لە (%84)ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان نیگەرانن لە دانانی ئەم بەرپرسانە لە پێگە حکومییەکان و بەتەنها (%12) یان ڕازین لە ئەدای بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و بە شایستەیان دادەنێن. متمانە هەبوونی (%8)ی خەڵک بەتەواوی بەم بەرپرسانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەت خەڵکی لێهاتوو و شایستەی دانەناوە بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییان لە دامەزراوە فەرمییەکانی وڵات.

وێنەی (24.2) دانانی بەرپرسەکانی داوو دەستگاکانی حکومی لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتوویی کەسەکان نیە




بەسەرنجدان لە بەهای ناوەندی سەنگکراو بە ڕێژەی (1.61) هەروەها بە بەراوردکردن لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی (3)، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی تری ئەو بێ متمانەییە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئەم بەرپرسە حکومییانە بەبێ هەست کردن

بە بەرپرسیاریەتی و خزمەتی گشتی هەڵساون بە پێشخستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەپێش بەرژەوەندی گشتی (خشتەی 2.2). ئەمەش خەڵکی نیگەران کردووە و کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر دابەزینی ئاستی متمانەی سیاسیی هاولاتییان بە حکومەت. هەروەکو لەوێنەکەدا (وێنەی 25.2) دیارە، زیاتر لە (85%) ی هاولاتییان بەو چاوە دەڕواننە بەرپرسانی حکومی کە پاوانی پۆستەکانیان کردووە بۆ خێروبێری کەسی و بنەماڵەیی خۆیان نەوەکو خێری گشتی کۆمەڵگە, بۆیە جێگەی متمانەی ئەوان نین. لە بەرانبەردا تەنها (10%)ی هاولاتییان ڕای پێچەوانەیان هەبووە.

بەگشتی بە ڕێژەیەکی بەرزی خەڵکی هەرێمی کوردستان متمانەیان بە ئەدا و کاری بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە لەبەر بێتوانای بەرپرسان و نایەکسانی لەسەر بنەمای لێهاتوویان بۆ دامەزراندن لەلایەک و گەندەڵی و پێشخستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەلایەکی ترەوە.

وێنەی (25.2) بەرپرسەکانی حکومی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان بە پێش بەرژەوەندی گشتی دەخەن




## سێیەم/ جیاوازیی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان لە متمانەی سیاسی بە حکومەت و دەستگا جێبەجێکارەکان

بەسەرنجدان لە یەکەبەیەکەی گۆڕاوە سەربەخۆکان بۆ پرسی دەسەلاتی جێبەجێکردن و متمانە پێیان دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان

ئافرەتـان و پیـاوان سـەبارەت بە متمانـەی سیاسـی بـەم دەسـتگایانە نییـە, لەبەرئـەوەی بـەهای (P.   Value) گـەورەترە لـە ئاسـتی ئامـاژەداری جیـاوازی (0.05) لــە خشــتەی (3.2). لەبــەر هــەمان هۆکــاری پێشــوو، جیاوازی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان چینی گەنجان نابینرێت، کامڵەکان و پیرەکان لەهەمان خشتەی خوارەوە بۆ متمانە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. جگە لەمانـەش، جیاوازی داهات و باری ئابووری خـەڵک نەبۆتـە جێگـەی تێڕوانینــی جیــاواز بــۆ دەســتگا حکــومی و جێبــەجێکارەکانی هــەرێمی کوردستان، چونکە بەهای (P. Value) گەورەترە لە (0.05) لە خشتەی (3.2).

ئـەوەی جێگـەی تێڕامـانی ئێمەیـە ئـەو جیاوازیەیـە لـەنێوان ئاسـتە جیاوازەکـانی خوێنـدن بەدیاردەکـەوێت لـە خشـتەی (3.2) بـۆ متمانـەی سیاسی. لە ڕێگەی ئامرازە ئامارییەکانەوە دەبینین کە جیاوازی  لەنێوان ئاستی ناوەندی خوێندن و ئاستی سـەرەوە یان ئاسـتی باڵا بۆ متمانـەی سیاسی هەیە، چونکە بەهای (P. Value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و بـەهای دەرهێنـراوی (F) بـە نمـرەی ئـازادی (397) بریتییـە لـە (4.947) کـە گـەورەترە لەبـەهای خشـتەیی (3.018)، بۆیـە بـە ڕێـژەی (215.) جیـاوازی  لـەنێوان ئـەم دوو چینـە هەیـە و لەبەرئـەوەی بـەهای ناوەنـدی سـەنگکراوی ئاسـتی ناوەنـدی (خوێنـدنی ناوەنـدی و ئامـادەیی) بریتییـە لـە (2.50) و بـەرزترە لـە کێشـی ناوەنـدی سـەنگکراوی خـاوەن بڕوانامــەکانی دبلــۆم، بــەکالوریوس، ماســتەر و دکتــۆرا (2.28)، ئەمــەش دەبێتە پاساوی ئەوەی بگوترێت کە متمانە کەمترە لەلای خاوەن بڕوانامـە باڵاکـان وەک لـە بڕوانامــەکانی ناوەنــدی و ئامــادەیی بـۆ دەسـتگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

خشتەی (3.2) جیاوازیی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان لە متمانەی سیاسی بە حکومەت

| متمانە بەحکومەت و دەستگا جێبەجێکاریەکان | | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئەزموونی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 188 | 2.370 | .610 | T=-.159 |
| | مێ | 212 | 2.380 | .631 | P= .669 |
| تەمەن | گەنج | 217 | 2.432 | .671 | F= 2.110 |
| | کامڵ | 141 | 2.297 | .521 | P= .123 |
| | پیر | 42 | 2.346 | .640 | |
| ئاستی خوێندەواری | ئاستی سەرەتایی | 77 | 2.351 | .534 | F= 4.947 |
| | ئاستی ناوەندی | 138 | 2.505 | .566 | P= .008 |
| | ئاستی سەرەوە | 185 | 2.289 | .044 | |
| باری ئابووری | خراپ | 62 | 2.429 | .665 | F= 1.338 |
| | مامناوەند | 229 | 2.400 | .579 | P= .264 |
| | باش | 109 | 2.294 | .676 | |

## ئەنجامەکان:

دەستگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان نەبوون، بۆیە ڕێژەی (66.63%)ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان متمانەی سیاسییان بە حکومەت نییە. توێژینەوەکە هۆکارەکانی ئەو بێ متمانەییە بە حکومەت دەگێڕێتەوە بۆ:

**یەکەم:** جێبەجێ نەکردنی یاسا و ڕێساکان و نەبوونی لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران. بەشێوەکی لێهاتووە کە گەندەڵی بووە بە کولتوور و تەواوی دامەزراوەکانی گرتۆتەوە، بۆیە هیچ کامیان ناتوانن لێپرسینەوە لەوانەی تر بکەن بەهۆی تێوەگلانیان لەگەندەڵی و ترس لە ڕووخانی سیستەمی سیاسی.

**دووەم:** خەڵک متمانەی بە پێدانی باج و دواتر خەرج کردنەوەی ئەو باجە نییە لە خزمەتی تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی، بۆیە هاوڵاتییان سەرپێچی لە بردنی خزمەتگوزارییەکان دەکەن و بەزۆر نەبێت باج نادەن. ئەمە جگە لەوەی بێ متمانەیی زۆر جەماوەری تەنیوە لەبابەتی ناشەفافییەتی دابەشکردنەوەی داهاتەکانی تری وەک سەرچاوە سروشتییەکانی نەوت و غاز بەدادپەروەی. لێرەدا، نەبوونی کەناڵی باوەڕپێکراو لەنێوان خەڵک و دەسەڵات تا دێت قەبارەی بێ متمانەیی زیاتر دەکات. هاوڵاتییان پێویستییان بە بەرچاوڕوونی هەیە لەبابەتی کۆکردنەوەی داهات و چۆنیەتیی خەرجکردنی. ململانێی پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان دژ بەیەکتر قەبارەی گەندەڵی و نادادپەروەرییەکان فراواتر دەکات بێ ئاگا لەوەی ئەمە بێ متمانەیی سیاسیی زیاتر دروست دەکات. بەنەبوونی سیستەمێکی باجی تۆکمە، شەفاف و دڵنیایی لەخەرجکردنەوەی، پەیوەندیی خەڵک و دەسەڵات لاواز دەبێت و ئەمەش متمانەی سیاسی بەرەو لێژبوونەوە دەبات. بەپێچەوانەوە بوونی هۆشیاریی سیاسی بە ئەدای باشی حکومەت شەرعیەتی سیاسی بەرزدەکاتەوە و خەڵک پابەندی یاسا و ڕێساکان دەبێ و باج دەدات و سەرئەنجامی ئەو متمانەبوونە، سیستەمی سیاسی بەهێز و پێشکەوتوو دێتەکایەوە.

**سێیەم:** خەڵکی تەکنۆکرات و بەئەزموون لە دەستگاکانی جێبەجێکردن دانەمەزراون. لەجیاتی شارەزایی و لێهاتوویی کەسەکە، پەیوەندیی خزمایەتی، ناوچەگەریتی، کوتلەکاریی ناو پارتە سیاسییەکان و

بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو گیراوە و ئەمەش فاکتەرێکی بەهێز بووە بۆ خراپی ئەدای ئەو بەرپرسە حکومییە لەچارەسەری بنەڕەتی کێشەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای بە هاوڵاتییان. لەتەواوی خزمەتگوزارییەکان، تەنها دابینکردنی ئاو و خزمەتگوزاریی ڕێگاوبانەکان جێگەی ڕەزامەندی سەرووی ناوەندی گریمانەیی بوون و خەڵک متمانەی بەئەداکانی تر نەبوو.

**چوارەم**: بێ بەرنامەی و نەبوونی پلانی درێژخایەنی حکومەت کێشەی بۆ کۆمەڵگە دروست کردووە. هەماهەنگی نییە لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەت بۆ چۆنیەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان و هێنانەکایەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەران. ئەمە دەرئەنجامی بەهەڵەدانانی هەیکەلی حوکمڕانییە بۆ شێوازی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتییان, هەر لەبەرئەوەشە خەڵک متمانەی نییە.

**پێنجەم**: پۆلیس و هێزی چەکدار وەکو جێبەجێکاری سیاسەتی حکومەت لەسەر شەقامەکان و دامەزراوەکان جێگای متمانەی هاوڵاتییان نین. بەپێچەوانەی متمانە بەهێزە چەکدارە فەرمییەکان، خەڵکی لەسەرووی ناوەندی گریمانەیی ئێمە پێیان وابوو کە حکومەت ئاسایشی هەرێمی پاراستووە، بەڵام بەنەبوونی متمانە بەهێزە چەکدارە فەرمییەکان بەهۆی ئینتیمابوونیان بۆ پارتەکانیان نەوەکو پێشینەدان بەجێبەجێکردنی یاساکان بەو دەرئەنجامەمان دەگەیەنێت کە دابینکردنی ئاسایش ئەوەندەی بۆ پاراستنی ماڵ و موڵک و بازاڕ و بەرژەوەندیی پارتە سیاسییەکانە، ئەوەندە بۆ هاوڵاتییانی ئاسایی نییە.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

توێژینەوەکە پێشنیار دەکات کە کەسانی پسپۆڕ لە پۆستە حکومییەکان دابنرێن و کار لەسەر بەدامەزراوەیی کردن بکرێت و ڕێگری

له دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان بکرێت لەهەموو کایەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی. لەهەمان کات، بایەخ بە بیرۆکراتیەت بدرێت لە بەڕێوەبردن و سەرلەنوێ پەیکەری حکومەت دابڕێژرێتەوە تاوەکو هەماهەنگی هەبێت لەنێوان دەستگا خزمەتگوزاریەکان. چاودێریی توند لەسەر میدیا دابنرێت و ڕێگری بکرێت لەهەواڵی ساختە و ناوزڕاندن و یەکتر شکاندن، چونکە گەورەترین هەڕەشەن لەسەر دابەزینی متمانەی سیاسی.

## پەراوێزەکان:

1 ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە دکتۆرانامەی توێژەر (م. بارزان جوهر صادق) بەناونیشانی ( متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراق). بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. صالح عمر عیسی) لەبەشی زانستە سیاسیەکان/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کە وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لێی هەڵێنجراوە و بڵاوکراوەتەوە.

2 پارتی دیمۆکراتی کوردستان له ساڵی ١٩٩٦ کابینەی سێیەمی لەهەولێر پێکهێنا و کابینەی چوارەمی لەساڵی ١٩٩٩ دروست کرد لەناوچەی ژێرفەرمانڕە وایەتی خۆی بەبەشداری چەند پارت و نەتەوە و پێکهاتەیەکی ئاینی (بڕوانە عه لائەددین، ٢٠١٣، ل١٠٠-١٠٢) و ئەم کابینەیە بەردەوام بوو تاوەکو یەکگرتنەوە ی هەردوو ئیدارەکە.

٣ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهۆی ئەوەی سەرۆکی کابینەی حکومەت لەو بوو بۆیە راستەخۆ لەدوای شەڕی ناوخۆ لەئیدارەی سلێمانی درێژەی بەکارە کانی کابینەی دووەمدا هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠١ کە کابینەی سێیەمیان لە سلێمانی دروست کرد. کابینەی چوارەمیش لەساڵی ٢٠٠٤ پێک هات و بەردەوام بوو هە تاوەکو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو پێکهێنانی کابینەی پێنجەم لەساڵی (٢٠٠٦) (بڕوانە عەلائەددین، ٢٠١٣، ل٩٢-٩٩).

٤ بەمانای هەردوو لایەنی پەیوەندی لە زیان و قازانجەکان هاوبەشن.
٥ بەدوو ڕێگا ناوەندی گریمانەیمان بۆ بڕگەکان دیاری کردووە:
١- ناوەندی گریمانەکراو = نزمترین نمرە (١) + بەرزترین نمرە (٥)= ٦÷٢= ٣.
٢- ١+٢+٣+٤+٥= ١٥، دواتر کۆی گشتی بڕگەگان دابەشی ژمارەی بڕگەگان دەکەینەوە واتە ١٥÷ ٥= ٣.
کەواتە ناوەندی گریمانەیی ئێمە بۆ تەنها یەک بڕگە یان تەوەرەکان یەکسانە بە (٣).
٦ لە نێوان هێزی (1-1.80) کاریگەری یان هێزی زۆر کەمی هەیە واتە تەواو لاوازە. لە نێوان (1.81-2.60) بەواتای ئەوە دێت کە تاڕادەیەک لاوازە یان هێزی کەمە. نێوانی (2.61-3.40) هەرچەند بە مامناوەند دادەنرێت، بەڵام کەمی و زیادی پەیوەستە بەشۆڕبوونەوەی بەهەر لایەکدا. نێوانی (3.41-4.20) ئەمە ئاماژەیە بە بەرزی پلەی متمانە تاڕادەیەک نەک بەتەواوی. سەرووی ئەم هێزە بۆ خاڵی کۆتایی (4.21-5) ئەوەمان پێدەڵێت کە متمانە لەلوتکەیە (بڕوانە امیمن و السامرائي، ٢٠٠١).
٧ پ. د. صباح أحمد محمد نجار، پ. د. رزگار قادر محمد، پ. د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی، پ.ی. د. ئازاد عثمان صالح، پ. ی. د. سەردار قادر محی الدین، د. موراد حکیم، د. عمر حمد امین نورەدینی و د. عبدالحکیم خسرو جوزل.
٨ سەردانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ لەهەولێر. ئەم ژمارانە فەرمین و لەتۆماری دەنگدەران هەن بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق و هەرێمی کوردستان.

٩ لەبنەڕەتدا وێنەکە لە ماڵپەڕی فەرمی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەرگیراوە و دواتر لەلایەن توێژەر بۆ مەبەستی شێوازی دیاریکردنی نموونەکە بەشێوەی جیۆگرافی دەستکاری کراوە.
١٠ لەڕێگەی سەردانی کردن بۆ بەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی سەلاحەدین و چاوپێکەوتنی مامۆستایانی ئەم بەشە گەیشتینە ئەنجامێک کە دابەشی تەمەنەکان بەم شێوەیە بێت:

١١ ئەمانــە جگــە لــەوەی وەکــو کەســانی تــر تێدەگەیــەنران چــۆن هێڵــەکان پڕدەکرێنەوە، لەلایەن توێژەرو هاوەڵانی پرسیارەکانیان بۆ دەخوێندرایەوە یان هەندێک جار بەدەگمەن کەسێکی نزیکی خۆی پرسیارەکانی بۆ دەخوێندەوە و ئەویش بیروڕای خۆی دەگوت و بەوشێوەی مەبەستی بوو هێڵ بە بژاردەکانی پرسـیارنامەکەدا دەهێنـرا. ئەمـە بەهـەمان شـێوە بـۆ ئـەو کەسـانەی لەئاسـتی سەرەتایی یان خوێندەواری و تێگەیشتنی لاوازیان هەبوو.

١٢ ئاستی سەرەتایی (نەخوێندەوار و سەرەتایی)، ئاستی ناوەندی (ناوەندی و ئامادەیی)، ئاستی سەرەوە (دبلۆم، بەکالوریوس، ماستەر، دکتۆرا) (بڕوانە محمد، ٢٠١١، ل٥٩-٦٠).

١٣ تەنها لەخوێندنی باڵا ئێستا کار بە سیستمی پاڕالێل دەکرێت بەشێوەیەک ئەوانەی فەرمانبەری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی نین پارە دەدەن بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

**أ- <u>فەرهەنگ</u>**


- هـەژار. (١٩٥٠). متمانـە. لـە: *: فەرهـەنگی کـوردی – فارسـی هەنبانـە بۆرینە*. تهران: چاپخانەی سروش.


**<u>کتێبەکان</u>**


- باخــەوان، عــادل. (٢٠١٣). *کۆمــەڵگــەی ڕەش*. سـلێمانی: چاپخانــەی کاردۆ.
- عبدالله، خامۆش عمر. (٢٠١٧). *مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا*. هەولێر: چاپخانەی زانکۆ.

- عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیز. (٢٠١٣). *نیشتیمانسازی و سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان*. هەولێر چاپخانەی ئاراس.

<u>**چاپتەر لەکتێب**</u>

- کریم، ئاکۆ حەمە.، علی، محمد.، محمد، دەرباز.، خالد، عبد.، عەباس، گەیلان.، محمد، هەڵمەت. و مەحوی، ئەلەند. (٢٠١٥). پێکهاتەی کابینە کانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ١٩٩٢-٢٠١٤. لە: *پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان*. سلێمانی: چاپخانەی پرەمێرد.

**ج- <u>نامە و تێزەکان</u>**

- صالح، هەردی زیاد. (٢٠١٠). *کێشە کۆمەڵایەتیەکانی لاوان*. نامەی ماستەر (بڵاونەکراوەتەوە). کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- عزیز، لەیلا ئەمیرعاس. (٢٠١١). *نوێبوونەوەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان*. تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوەتەوە) بەشی کۆمەڵناسی. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- محمد، مراد حکیم. (٢٠١١). *رەوشی بەهاکان لەعێراق لەژێر رۆشنایی تیوری رۆڵناڵد ئنگڵهارت*. تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوەتەوە). کۆلێژی ئەدەبیات. بەشی کۆمەڵناسی. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

**د- <u>توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان</u>**

- خلیل، هیوا مجید.، محمد، مراد حكيم. و جوزل، عبدالحکیم خسرۆ. (٢٠١٨). متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١١-٢٠١٣، *مجلة جامعة التنمية البشرية*. ٢ (٣).

**- چاوپێکەوتنەکان**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ لە هەولێر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی نانەوازادە، خاوەنی کتێبی فەرهەنگی ریشەی وشەی کوردیی. رێکەوتی ٢٥ی دیسەمبەری ٢٠١٨.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەروەر عەلی، توێژەر لەبواری ئاییناسی و ئیسلامناسی، رێکەوتی ٢٨ی دیسەمبەری ٢٠١٨.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**کتێبەکان**

- النجار، فيز جمعه.، النجار، د. نبيل جمعه. و الزوعبی، د. ماجد راضی. (٢٠٠٨). *أساليب البحث العلمي: منظور تطبيقي*. عمان: دار الجامد للنشر و التوزيع.
- اميمن، عثمان علي و السامرائي، بدرية علي. (٢٠٠١). *الاختبار النفسي اسسة و معالجة الإحصائية*. ليبيا: مطبع عصر الجماهير الخمس.
- ثابت، د. عادل. (٢٠٠٧). *النظم السياسية*. الإسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

**نامەو تێزەکان**

- احمد–أ، فؤاد على. (٢٠١١). *دور وسائل الاعلام في تفصيل المشاركة السياسية في إقليم كوردستان العراق*. أطروحة دكتورا (غير منشورة). كلية العلوم الإنسانية. جامعة السليمانية.
- صالح، ميران محمد. (٢٠١٣). *طبيعة العلاقة بين المواطن و السلطة السياسية في المجتمع الكوردستاني (١٩٩١-٢٠٠٨). دراسة ميدانية في إقليم كوردستان–العراق*. رسالة ماجستير (منشورة). كلية الاداب. جامعة الصلاح الدين– أربيل.
- المحمداوي، حسن أبراهيم حسن. (٢٠٠٧). *العلاقة بين الاغتراب والتوافق النفسي للجالية العراقية في السويد*. أطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية الاداب والتربية بالاكاديمية العربية المفتوحة بالدنمارك.

**<u>توێژینەوە زانستییەکان</u>**

- العكايشي، بشرى أحمد جاسم. (2012). *الصحة النفسية وعلاقتها بالذكاء الأنفعالي لدى الشابات الجامعيات في كلية التربية للبنات– قسم التربية و علم النفس*. كلية التربية للبنات. جامعة بغداد. http://arab-acrao.org/ar/researchs/res_27/11.pdf ( ڕێکەوتی سەردانی ١٠ی جەنیوەری ٢٠١٩).

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**أ- <u>کتێبەکان:</u>**

- Uslaner, E. (2002). *The Moral Foundations of Trust*. Cambridge: Cambridge University Press.

**ب- <u>چاپتەر لەکتێب</u>**

- Hardin, R. (1999). Do we Want Trust in Government? In: Warren, M. ed., *Democracy and Trust*. Cambridge: Cambridge University Press.

- McBride, D., and Mazur A. (2010). Concepts and Mixed Methods. In: *The Politics of State Feminism*. Temple University Press.
- McNall, M., Doberneck, D., and Egeren, L. (2010). Mixed Methods in Collaborative Inquiry. In: Fitzgerald, H., Burack, S., and Seifer, S. (2010). ed., *Handbook of Engaged Scholarship.* Michigan State University Press.
- Meer, T. (2017). Citizens and Politics Political Participation and Political Trust. In: Praag, P. ed., *Political Science and Changing Politics.* Amsterdam: Amsterdam University Press.
- Offe, C. (1999). How Can We Trust Our Fellow Citizens? In: Warren, M. ed., *Democracy and Trust*. Cambridge: Cambridge University Press.

## توێژینەوەی زانستی لەکۆنفرانس و میتینگەکان

- Blind, P. (2006). Building Trust in Government in the Twenty-First Century: Review of Literature and Emerging Issues. In: *7th Global Forum on Reinventing Government Building Trust in Government*: Vienna, Austria. UNDESA. Available at: http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public/documents/UN/UNPAN025062.pdf [Accessed 19th June 2018].
- Hetherington, M. (2001). Declining Political Trust and a Shrinking Public Policy Agenda. In: '*Democratic Politics' Conference on Trust in Government.* Princeton University. Available at: https://www.princeton.edu/csdp/events/Trust2001/hetherington.pdf [Accessed 13th March 2018].
- Mangum, M. (2010). Explaining African-American Political Trust: Examining Psychological Involvement, Policy Satisfaction, and Reference Group Effects. *International Social Science Review,* [online] Volume 87(1/2). Available at:

http://www.jstor.org/stable/41887516 [Accessed: 22nd February 2018].
- Newton, K. (2001a). Social Trust and Political Disaffection: Social Capital and Democracy. In: *EURESCO Conference on Social Capital: Interdisciplinary Perspectives*: Exeter. The University of Southampton. Available at : http://citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/download?doi=10.1.1.452.8901&rep=rep1&type=pdf [Accessed 2nd March 2018].
- Newton, K. and Norris, P. (2000). Confidence in public institutions: faith, culture, or performance? *In: Annual Meeting of the American Political Science Association*. Atlanta: John F. Kennedy School of Government, Harvard University. Available at: https://sites.hks.harvard.edu/fs/pnorris/Acrobat/NEWTON.PDF [Accessed 12th March 2018].

## نامە و تێزەکان

- Arancibia, C. (2008). *Political Trust in Latin America*. PhD Dissertation. University of Michigan.
- Jameel, H. (2017) *A case Study of Political Corruption in Conflict Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq (2003-2013)*. PhD Dissertation. University of Leicester.

## د- توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان

- Blasius, J. and Thiessen, V. (2001). Methodological Artifacts in Measures of Political Efficacy and Trust: A Multiple Correspondence Analysis. *Political Analysis*, [online] Volume 9 (1). Available at: http://www.jstor.org/stable/25791627 [Accessed: 22nd February 2018].
- Hetherington, J. Marc (1998). The Political Relevance of Political Trust. The *American Political Science Review*, [online] Volume 92(4). Available at:

http://links.jstor.org/sici?sici=00030554%28199812%2992%3A4%3C791%3ATPROPT%3E2.0.CO%3B2-Q [Accessed: 13th March. 2018].

- Hetherington, M. and Globetti, S. (2002). Political Trust and Racial Policy Preferences. *American Journal of Political Science*, [online] Volume 46(2). Available at: http://www.jstor.org/stable/3088375 [Accessed: 22nd February 2018].
- Hetherington, M. and Husser, J. (2012). How Trust Matters: The Changing Political Relevance of Political Trust. *American Journal of Political Science*, [online] Volume 56(2). Available at: http://www.jstor.org/stable/23187102 Accessed: 22-02-2018 11:25 UTC [Accessed: 22nd February 2018].
- Hetherington, M. and Rudolph, T. (2008). Priming, Performance, and the Dynamics of Political Trust. *The Journal of Politics*, [online] Volume 70(2). Available at: http://www.jstor.org/stable/10.1017/s0022381608080468 [Accessed: 22nd February 2018].
- Hutchison, M. (2011). Territorial Threat and the Decline of Political Trust in Africa: A Multilevel Analysis. *Polity*, [online] Volume 43(4). Available at: http://www.jstor.org/stable/23015043 [Accessed: 22nd February 2018].
- Jensen, J., and Rodgers, R. (2001). Cumulating the Intellectual Gold of Case Study Research. *Public Administration Review*, [online] Volume 61(2). Available at: https://www.jstor.org/stable/977456
- [Accessed: 9th September 2018].
- Kaarbo, J. and Beasley, R. (1999). A Practical Guide to the Comparative Case Study Method in Political Psychology. Political Psychology, [online] Volume 20(2). Available at:

https://www.jstor.org/stable/3792081 [Accessed: 9th September 2018].

- Kara, N. (2018). Understanding University Students' Thoughts and Practices about Digital Citizenship A Mixed Methods Study. *Journal of Educational Technology & Society,* [online] Volume 21(1). Available at: www.jstor.org/stable/26273878 [Accessed: 29th August 2018].
- Klingner, J. and Boardman, A. (2011). Addressing the "Research Gap" in Special Education Through Mixed Methods. *Learning Disability Quarterly,* [online] Volume 34(3). Available at: https://www.jstor.org/stable/23053308 [Accessed: 29th August 2018].
- Levi, M., and Stoker, L. (2000). Political Trust and Trustworthiness. *Annual Reviews of Political Science*, [online] Volume 3(No Number). Available at: www.anuualreviews.org [Accessed: 30th March 2018].
- Mclaren, L. (2010). The Culture Divide in Europe: Migration, Multiculturalism, and Political Trust. *World Politics,* [online] Volume 64(2). Available at: http://www.jstor.org/stable/41428380 [Accessed: 22nd February 2018].
- Mizrachi, N., Anspach, R. and Drori, I. (2007). Repertories of Trust: The Practice of Trust in a Multinational Organization Amid Political Conflict *American Sociological Review*, [online] Volume 72(1). Available at: http://www.jstor.org/stable/25472451 [Accessed: 22nd February 2018].
- Moreno, A. and Catterberg, G. (2005). The Individual Bases of Political Trust: Trents in New and Established Democracies. *International Journal of Public Opinion Research* [online] Volume 18 (1). Available at: http://ijpor.oxfordjournals.org/ [Accessed: 10th August 2014].

- Morgner, C. (2013). Trust and Confidence: History, Theory and Socio-Political Implications. *Human Studies*, [online] Volume 36(4). Available at: http://www.jstor.org/stable/24021631 [Accessed: 22nd February 2018].
- Newton, K. (2001b). Trust, Social Capital, Civil Society, and Democracy. *International Political Science Review*, [online] Volume 22(2). Available at: http://www.lead.colmex.mx/docs/s4/02_sociedad%20civil%20y%20ONG/NEWTON_trust%20social%20capital%20civil%20society.pdf [Accessed 10th February 2018].
- Rahn, W. and Rudolph, T. (2005). A Tale of Political Trust in American Cities. *The Public Opinion Quarterly*, [online] Volume 69(4). Available at: http://www.jstor.org/stable/3521520 [Accessed: 22nd February. 2018].
- Secor, A. and O'Loughlin, J. (2005). Social and Political Trust in Istanbul and Moscow: A Comparative Analysis of Individual and Neighborhood Effects. *Transactions of the Institute of British Geographers, New Series*, [online] Volume 30 (1). Available at: http://www.jstor.org/stable/3804530 [Accessed: 22nd February 2018].

## هـ - توێژینەوەی زانکۆ و دامەزراوەکان

- Andreasson, U. (2017). *Trust- The Nordic Gold*. [pdf] Copenhagen: Rosendahls. Available at: https://norden.diva-portal.org/smash/get/diva2:1095959/FULLTEXT02.pdf [Accessed 18th March 2018].
- Teitt, T. (2002). *Political Trust and Promise Keeping in the United States 1977-2000*. [pdf] Virginia: Roanoke College. Available at: https://www.roanoke.edu/Documents/Fowler/AmberTeittPoliti

calTrustandPromiseKeepingintheUnitedStates19.pdf
[Accessed 20th March. 2018].

**ملخص:**

السلطة في اقليم كردستان- العراق مرت بأكثر من ربع قرن، ووفقا للرأي المختصيين وألأكادميين في مجال الثقة السياسية، يمكن أن يقيم الثقة السياسية لكل الوحدات النظام السياسي في الاقليم. من الواضح ان اقليم كردستان العراق مر بالأحداث والتغيرات السياسية الكبيرة، وكل هذه ألأحداث والتغيرات أثرت على تخفيض مستوى الثقة السياسية عند الناس بحكومتهم المحلية.

عرض هذا البحث مباشرة ضمن اطار الفصلين، كلا من المتغييرات البحث، ففي فصل الأول يتحدث كلا من المفهوميين الرئيسيين للبحث، أما في الفصل الثاني بعد عرض الطرق واجراءآت الميدانية، قام بشرح النتائج الميدانية وبعد ذلك أختلطت هذه النتائج بمقابلات أشخاص النخبوية في مجالاتهم واختصاصاتم مع عرض نتائج العامة والنهائية واقتراحات والتوصيات.

فهذا البحث المتواضع أرجح اسباب عدم ثقة الناس بحكومتهم الى سوء اداء ألأجهزة الخدمية لدى الحكومة وعدم تنفيذ القانون والتعليمات وعدم وجود المسائلة مع المفسدين. وفي جانب آخر ألأجهزة الأمنية سيما الشرطة لم تكونوا مستقلين في أدائهم، ولم تكونوا أصحاب الثقة عند المواطنيين، مع كل هذا، ألأشخاص المهنية والتكنوقراطيون وأصحاب الخبرة لم تكونوا موجودين في ألأجهزة الدولة، والناس ليس لديهم الثقة بدفع الضرائب و بعدها صرف هذه الضرائب لخدمتهم. تشكيل الهيكل الحكومي في أساليب ايصال الخدمات للمواطنيين وعدم خطة مدى البعيد وعدم التنسيق بين مؤسسات الحكومة في كيفية تقديم الخدمات من اجل ابتكار الدولة الرفاهية، سبب رئيسي لانعدام ثقة الناس بحكومتهم.

هذا البحث المتواضع يقترح بشغل اشخاص المختصيين في المناصب الحكومية، والعمل المؤسسية والكف الأحزاب السياسية في تداخل شؤون ومافصيل النظام السياسي و المجتمع عموما، في الوقت نفسه الأهتمام

بألبيروقراطية في مجـال الادارة والبـدء بتشـكيل الهيكـل الحكـومي مـن الجديـد، كـي ينسق بين المؤسسات الخدمية، والرقابة المشددة على الاعلام للابتعاد عن التشـهير والأخبـار المـزورة، كونـهمـا أكبـر التـهديـدات علـى انخفـاض الثقـة السياسـية عنـد المواطنيين.

**Abstract:**

Governance in Kurdistan Region of Iraq has passed a quarter of a century. Scholars of political trust suggest that after this period political trust in each unit of a political system can be measured. Some major political incidents through this era have caused a decline in political trust in Kurdistan Regional Government (KRG).

The Research analyzed the two variables in the first chapter. In the second chapter, the methodology, statistical mechanisms and analysis of the field data and interviews are discussed. Finally, some discussions on the conclusions are presented followed by further suggestions for the research outcomes.

According to the research outcomes, this lack of political trust among people is due to the lack of services form the government institutions. Law regulations are not implemented and corrupt people are not punished. On the other hand, police and official armies are not united and independent, and they are bias to their political parties. In addition, there are few technocrat people in the government institutions. Citizens have no guarantees to pay taxes to the government because of the unavailability of public services. Due to the ongoing problems in the structure of the government

and divisions of service units or the absence of contact among the relevant institutions, people have not trust.

The research suggests assigning experts and professionals in the governmental positions and institutionalization of formal establishments. The government is recommended to stop the monopoly of the political parties in all the aspects of society and authority. Nevertheless, KRG has to focus on bureaucracy to govern and the reconstruction of the government structure to cooperate between service establishments. Media must be closely observed and be in control to end up disinformation and offensiveness as it could be the main cause of the lack of political trust.